خەبات

XEBAT

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5985) سێشەممە 11ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



بەرەو 74 مین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠



سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی بۆ پۆستێکی باڵا واژوو دەکات

دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٨/١٠ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی بۆ بەڕێز عەبدولڕەحمان سدیق واژوو کرد تا وەک سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دەستبەکار بێت.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)

ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی لە دووکان کۆدەبنەوە

خەبات: ڕیارە ئەمڕۆ شاندی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە دووکان کۆبنەوە بۆ تاوتێکردنی چەند پرسێکی گرنگ و تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا.

بەگوێرەی سەرچاوەیەک بۆ خەبات بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کۆبنەوە. ئەم کۆبوونەوەیەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولایە و لە یەکەم کۆبوونەوەشدا گوێ لە پێشنیازی یەکتری دەگیرێت بە مەبەستی تێگەیشتن و چارەسەری کێشەکان. لە ماوەی ڕابردوودا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بافڵ تاڵەبانی کۆبوونەوە، ئەمەش وەکو سەرەتایەک بوو، بۆ ئەوەی هەردوولا کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن.

بۆشایی ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگەکانی عێراق بەهاوبەشی پڕ دەکرێنەوە

گوتەبێژی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق: هێزی پێشمەرگە و سوپا گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتن

گوتەبێژی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ئاشکرای کرد گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەبارەی هاوکاری هەواڵگری بۆ ناوچە جێناکۆکەکان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتن بۆ لەناوبردنی تیرۆر، بە تایبەت لە سنووری پارێزگای دیالە و کەرکووک.

(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)

حەسەن شێخانی دوای سەردانی بەغدا:

پێلانێکی گەورە لە پەرلەمانی عێراق دژی کورد بەڕێوەیە



حەسەن شێخانی بەرپرسی مەڵبەندی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە کەرکووک لەبارەی بارودۆخی شاری کەرکووک و هەڵبژاردنی پێشووەختەی عێراق، هۆشداری دەدات، لەمبارەیەوە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە پەرلەمانی عێراق پێلانێکی گەورە بەڕێوەیە لە دژی کورد بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، گوتیشی: ئێستا لە بەغدا نەیارانی کورد بە دوو جۆر کار دەکەن یەکەم پشێوی لەناوچە کوردستانییەکان و پێچۆڵکردنی کوردنیشینانی ئەو ناوچانە.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)



پزیشکانی بێسنوور: کۆرۆنا زیانی ئێزدییەکانی تاڵتر کردووە

4

ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور ڕاپۆرتێکی لە بارەی ڕەوشی کوردانی ئێزدی لە شنگال لە سەردەمی کۆرۆنادا بڵاوکردەوە و بەپێی ڕاپۆرتەکە پەتای جیهانی کۆڤید-١٩ کاریگەری گەورەی کردووەتە سەر ئێزدییەکان لە قەزای شنگال. ڕاپۆرتەکە کە دوێنێ یەکشەممە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەو قەدەخەی هاتووچۆیە کردووە کە لە عێراق بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە سەپێندرابوو.



5


ئەوروپا گەورەترین پرۆسەی ناردنەوەی پەنابەران بۆ عێراق جێبەجێدەکات



7

د. دلۆڤان محەمەد: پێشبینی دەکەین تا سەرەتای مانگی ئەیلوول ئەو شەپۆلەی کۆرۆنا لە لووتکەدا بەردەوام بێت

لیزا کاکەیی: هەڵمەتێکی فراوانی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان دەستپێکردووە



ئەندامێکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هەڵمەتێکی فراوانی تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکان دەستپێکردووە بە ئامانجی کەمکردنەوەی دەنگ و سەنگی کورد لەو ناوچانە.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)

پۆزش

لە ژمارەی دوێنێ ڕۆژنامەکەمان (خەبات)، بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکی لە لاپەڕەی یەکەم، ڕۆژی یەکشەممە لە جیاتی دووشەممە نوسرابوو، هەروەها لە لاپەڕەی کاروباری کوردستانی، لەجیاتی پەیاننامەی سیڤەر، بەهەڵە نووسراوە پەیاننامەی سیڤەر، بۆیە بەپێویستیان زانی داوای لێبوردن لە خوێنەرانمان بکەین.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی بۆ پۆستێکی باڵا واژوو دەکات

دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٨/١٠ بەرێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی بۆ بەرێز عەبدولڕەحمان سدیق واژوو کرد تا وەک سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دەستبەکار بێت.

لە وتەیەکدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن بۆ بەرێز عەبدولڕەحمان سدیق لە ئەرکی تازەیدا، ستایشی شارەزایی و خزمەت و هەوڵەکانی بەرێزی بۆ پاراستنی ژینگە و بڵاوکردنەوەی کولتووری ژینگەپارێزی هەر لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ـەوە تا کاتێک دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە بەغدا لە پۆستی وەزیری ژینگەی حکوومەتی عێراقیی فیدراڵدا بوو لەو بوارەدا پێشکەشی کردووە، هەروەها هیوای خواست کە هەموو تاکێکی کوردستان هەست بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە ژینگە بکات و بیپارێزێت.

دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە:

ئەو نووسراوانەی بڵاوکراونەتەوە یاساییین و هیچ سەرپێچییەکی یاساییان تێدا نییە

دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لەبارەی چەند نووسراوێکی دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە.

ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

لە چەند سایتێکدا هەندێک نووسراوی حکوومەت بڵاوکراونەتەوە کە تایبەتن بە دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە کە گوایا نایاساییین و گەندەڵییان تێدا کراوە! بەداخەوە دیارە ئەوانەی ئەم هەواڵەیان بڵاوکردووەتەوە هیچ ئاگادارییەکیان لەبارەی یاسا و دامەزراندنی حکومییەوە نییە ئەگینا نەدەکەوتنە ناو ئەو هەڵە زەقەوە. ئێمە لەکاتێکدا سەرلەبەری ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکەینەوە، بە پێویستیشی دەزانین ئەو خاڵانەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە :

یەکەم: ئەو نووسراوانەی بڵاوکراونەتەوە هەموویان یاساییین و هیچ سەرپێچییەکی یاساییان تێدا نییە.

دووەم: بەپێی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیران، هەر یەک لە سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بە پێی پێویست بۆیان هەیە چەند ڕاوێژکارێک دابمەزرێنن بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان .

سێیەم: پۆستی ئەو بریکاری وەزیرانەی ناویان هاتووە، لە یاسای وەزارەتەکان و یاساکانی دیکەدا بوونیان هەیە و بەتاڵ (شاغر) بوون، بۆیە پێویست بوو پڕ بکرێنەوە.

چوارەم: لەم کابینەیەدا، دامەزراندن لەو پۆستە باڵایانەدا، بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوە و لە کەمترین ئاستدایە و تەنیا لە کاتی پێویستیدا فەرمانبەر دادەمەزرێت.

پێنجەم: کابینەی نۆیەم لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی، سەرقاڵی یەکلاکردنەوەی بابەتی فەرمانبەری پلەباڵای (معوم)ە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونی چاکسازییە کارگێڕی و داراییەکانی کابینەی نۆیەمە بە ئاراستەی کەمکردنەوەی پلە باڵاکان لە میلاکی گشتیدا .

هیواداریین دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشتیوانی ئەو پێناو مەبەستی تایبەتیدا، چەواشەکاریی نەکەن.

حەسەن شێخانی بۆ خەبات: پیلانێکی گەورە لە پەرلەمانی عێراق دژی کورد بەڕێوەیە

هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق بۆ کەمکردنەوەی کورسییەکانی کوردە لە پارێزگای کەرکووک



خەبات: تریفە ئازاد

حەسەن شێخانی بەرپرسی مەڵبەندی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە کەرکووک لەبارەی بارودۆخی شاری کەرکووک و هەڵبژاردنی پێشووەختەی عێراق، هۆشداری دەدات، لەمبارەیەوە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە پەرلەمانی عێراق پیلانێکی گەورە بەڕێوەیە لە دژی کورد بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، گوتیشی: ئێستا لە بەغدا نەیارانی کورد بە دوو جۆر کار دەکەن یەکەم پشێوی لەناوچە کوردستانییەکان و پێچۆڵکردنی کوردنیشینانی ئەو ناوچانە.

دووەم بەناوی هەموارکردنەوەی دەستوور دەیانەوێت دەسەڵاتەکانی هەرێم کەمبکەنەوە و لەمانە مەترسیدارتریش هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنە. ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی ئیسلامی دەشڵێ لەبیرمان نەچێت کورد لە کاتی نووسینەوەی دەستووردا لەوپەڕی هێزدا بوو کە توانی هەندێ لە مەرجە چارەنوسسازەکانی گەلەکەمان بچەسپێنن، هەموارکردنەوەی دەستوور ویستی پێکهاتەی عەرەبە بەتایبەت و تورکمان کەمتر بەمبەستی کەمکردنەوەی کورسییەکانی کورد لە پارێزگەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان، بۆیە ئەوان مەبەستیانە هەر پارێزگەیەک بکرێتە چەند بازنەیەک بۆ دابەشبوونی دەنگەکانی کورد .

هەروەها گوتیشی: لای هەموان ئاشکرایە لەو هەڵبژاردنانەی کە عێراق یەکبازنەیی یان بازنەیەکی داخراو بوون، کورد زۆرترین کورسی بە دەستهێنا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و لەکاتی هەموارکردنەوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا کە سستەمی یەکبازنەیەیی بوو، کورسییەکانی ناوچە کوردستانییەکان زۆر کەمیکرد. بۆیە ئەوان پەنا دەبەن بۆ سەدەها پسپۆڕی بیانی و ناوەوە بۆ هەموارکردنەوەکەی ئەمجارە و ئەگەر کورد یەکڕیز نەبێت لە پەرلەمانی عێراق پیلانێکی زۆر گەورە لە دژی کورد و بەتایبەتی بۆ ناوچە کوردستانییەکان بەڕێوەیە، ئەگەر فراکسیۆنە کوردییەکان یەکەهەڵوێست نەبن بۆ وەستانەوە دژی و ڕێپێوانی جەماوەری نەکرێت وەک ٢٠٠٨ کە نزیکەی ٢٨ شەهیدمان دا بە یاسا و دەستوور نیوەی خاکی کوردستان دەدۆڕنین. گوتیشی پێشبینی دەکرێت کورسییەکانی کورد لە کەرکووک دابەزێت بۆ دوو یان سێ کورسی، ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە پێشنیاز کراوە، چۆن دکتۆر بەرهەم واژووی لەسەر کردووە و ڕەوانەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کراوە؟ ئەوانیش بە دەستکاریەوە ڕەوانەی پەرلەمانی عێراقی دەکەن و دەنگدان لەسەری و پەسەندکردنی.

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە تاوەکو ئێستا 64 پۆست لە کورد وەرگیراونەتەوە

لیزا کاکەیی: هەڵمەتێکی فراوانی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان دەستپێکردووە



ئەندامێکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هەڵمەتێکی فراوانی تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکان دەستپێکردووە بە ئامانجی کەمکردنەوەی دەنگ و سەنگی کورد لەو ناوچانە. لیزا کاکەیی، بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هەڵمەتێکی فراوانی ڕەشبگیری بەعەرەبکردن لەلایەن ئیدارە و دەسەڵاتی سەربازیی ناوچە کوردستانییەکان دەستپێکردووە، بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە و کەمکردنەوەی دەنگ و سەنگی کورد، چونکە دوو پرۆسەی گەورە و گرنگیان لەپێشە ئەوانیش سەرژمێری و هەڵبژاردنن.

لیزا کاکەیی ڕاشیگەیاند: هەڵمەتەکە تەنیا بەعەرەبکردنی ناوچەکە نییە، بەڵکوو تەعریبی کارگێڕیشی لەگەڵە، چونکە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە تائێستا ٦٤ پۆست لە کورد وەرگیراونەتەوە و دراونەتە پێکهاتەکانی دیکەی ناوچە کوردستانییەکان، ئەمە جگە لە ڕێگەپێدان و هێنانەوەی هەزاران خێزانی عەرەب کە کاتی خۆی لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ قەرەبوویان وەرگرتووە، بەڵام بە بڕیاری پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک و دەسەڵاتی سەربازی دووبارە هاتوونەتەوە ناوچە کوردستانییەکان. ئاماژەی بە ئەوەشکرد جگە لەمەش ڕۆژانە زەوی و زاری کورد داگیر دەکەن و دووکان و خانووی کورد دەڕووخێندرێت لەلایەن پارێزگارەوە بە بیانووی ئەوەی ئەو خانوانە بە زێدەڕۆ دروستکراون، بۆیە ئێمەش لە دوایین کۆبوونەوەی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان، کە بەئامادەبوونی ئەندامانی کورد بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا ئەنجامدرا، مەترسی دۆخەکەمان پێڕاگەیاندن و ئەوانیش بەڵێنیاندا بەپێی توانا لە گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا ئەو بابەتە باس بکەن.



لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی بەیروت دەستپێکرد

میدیاکانی لوبنان بڵاویان کردەوە کە دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە تایبەت بە تەقینەوەکەی بەندەری شاری بەیروت دەستپێکراوە کە لەمیانیدا گوێ لە گوتەکانی بەڕێوەبەری دەزگای ئاسایشی وڵات و ژمارەیەک فەرماندەی ئەمنی گیراوە. لەمبارەیەوە ئاژانسی هەواڵیی فەرمی لوبنان بڵاوی کردەوە کە دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە تایبەت بەتەقینەوەکەی بەندەری بەیروت دەستپێکراوە.

ئاماژەی بەوەیش داوە کە لەمیانی دانیشتنەکاندا، دادوەریی لێکۆڵینەوە، غەسان خوری گوێی لە گوتەکانی بەڕێوەبەری دەزگای ئاسایشی وڵات، تۆنی سڵیبا گرتووە.

ئاژانسی هەواڵیی فەرمی لوبنان ڕاشیگەیاندووە کە هەروەها لە میانی دانیشتنەکاندا لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکاندا لە تەقینەوەکەی بەیروت، دادوەریی لێکۆڵینەوە، غەسان خوری گوێی لە گوتەکانی ژمارەیەک فەرماندەی ئەمنی گرتووە.

ڕۆژی سێشەممەی هەفتەی ڕابردوو، تەقینەوەیەکی بەهێز لە بەندەری بەیروت ڕوویدا کە بەهۆیەوە تا ئێستا بەپێی دواییین ئامار ١٥٨ کەس کوژراون و شەش هەزاری دیکەیش برینداربوون و بێسەروشوێن بوونە.

پشدەر.. شوانکارەێک بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار کرا

گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین ئاشکرای کرد، لە بناری قەندیل و لە سنووری شارەدێی سەنگەسەر لە دەڤەری پشدەر، لە ئەنجامی تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران، شوانکارەیەک بریندار بوو.

شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە خەباتی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو ئاگادار کراین کە بریندارێک بەناوی (ج.ش) تەمەن ٣٤ ساڵ دانیشتووی گوندی (تووەسووران) سەر بە ناحیەی سەنگەسەر کە پیشەی شوانکارەیە، گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ کە شوێنەواری دوو فیشەک بەسەر جەستەیەوە هەبوو. گوتیشی: بە گوتەی بریندارەکە کە لە بناری قەندیل شوان بووە و کاتێک خەوی لێکەوتووە ڕانەمەڕەکەی سنوورەکانی ئێرانیان بەزاندووە و دوای ئەوەی خەبەری بووەتەوە ویستوویەتی بچێت بیانهێنێتەوە، بەڵام لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێران تەقەی لێ کراوە و بەو هۆیەشەوە بریندار بووە.

شۆڕش ئیسماعیل باسی لەوەش کرد: ئێستا بریندارەکە لەژێر چاودێریی تەندروستیدایە و باری تەندروستی جێگیرە و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە.



پارتی ئامادەکارییەکی باشی بۆ کۆنگرە کردووە

ئەندامی سەرکردایەتیی و بەرپرسی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، بڵند ئیسماعیل رایگەیاند بڕیاردرابوو لە کۆتایی ئەمساڵ کۆنگرە بکرێت، لەنێوان مانگی نۆ بۆ ١٠، هەرچەند رۆژەکە دیاریی نەکرابوو، بەڵام بۆچوونێك هەبوو لە رۆژی ریفراندۆمدا کۆنگرە بکرێت، بەڵام پەتای کۆرۆنا دوای خستین، پارتی حزبێکی گەورەیە کۆنگرەش کە دەکرێت نوێنەری قاعیدەی حزبی دەبێت تێیدا بەشداربێت، بۆیە بەپێی ئەو نوێنەرایەتییە و ژمارەی ئەندامانی حزبی چاوەڕێ دەکرا لە هەزار تاوەکو هەزار و٥٠٠ کەس بەشداری کۆنگرە بکات، کۆبوونەوەی خەڵکێکی وا زۆر لە هۆڵێکدا پێبان وابوو کارەساتی بەدواداێت بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە.

بڵند ئیسماعیل گوتیشی: هیچ هۆکارێکی دیکە نییە جگە لەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا خراپ بڵاوبووتەوە لە هەرێمی کوردستاندا و ئەگەر ئەمساڵ پەتاکە کەمبێتەوە و دابکشێت و کاریگەری بەو جۆرە نەمێنێت پارتی ئامادەکارییەکی باشی کردووە بۆ کۆنگرە و هیچی وامان نەماوە لەوانەیە لە ماوەی مانگێك ئەوەی ماوە تەواوی بکەین و بچینە ناو کۆنگرەوە.

ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، بڵند ئیسماعیل دەربارەی ئەو ئامادەکارییانەی تاوەکو ئێستا کراوە گوتی: خۆی بەگشتی هەموو شتەکان دەبێت لەناو کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدرێت، پەیڕەوی ناوخۆ و پێداچوونەوە بە پرۆگرامی پارتی کە بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی داهاتووی پارتییە لە حکومڕانیدا، پەیڕەو کە بنەمای کاری حزبە لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، چونکە شێوازی ئیشکردنی رێکخستنەکان گۆڕاوە هەموو ئەمانە دیراساتی باشی لەسەر کراوە و کۆمەڵێك شت حازرکراوە و تەنها دەمێنێتەوە ئەوەی لەناو کۆنگرە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و کامیان پەسەند بکرێت، تەقریبەن ئامادەکاری کراوە بۆ رەشنووسی پەیڕەو و پرۆگرام، راپۆرتەکان و هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە پێشتر ئامادەکاری بۆ بکرێت کراوە، تەنیا ئەوە ماوە چۆن نوێنەرایەتی ئەندامانی حزب هەڵبژێردرێت، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چەند ئەندامی حزب نوێنەرێکی هەبێت ئەوەیە کە کاتێکی دەوێت، بەڵام ئەوەیش لە دەوری ٢٠ رۆژ بۆ مانگێك کۆتایی پێ دێت، بۆیە شتێکی وامان پێویست نییە تەنیا کۆرۆنا بەرۆکمان بەردا لەو بڕوایەم لە مانگی ١١ یان ١٢ی ئەمساڵ بتوانین کۆنگرەکە ببەستین.



بڵند ئیسماعیل:

ئەگەر ئەمساڵ کاریگەریی کۆرۆنا کەمبێتەوە کۆنگرە دەکرێت

تاوەکو ئێستا بڕیاری دواخستنی کۆنگرە نەدراوە

بڵند ئیسماعیل دەربارەی گۆڕانکارییەکان لە پەیکەری رێکخراوەیی پارتی رایگەیاند لە ئاستی باڵا و سەرۆکایەتیی حزبەکەدا، هێشتا نازانم چۆن دەبێت بڕیاری لێ نەدراوە، بەڵام بۆ بابەتی پەیڕەو و کاری حزبی بۆ نموونە پەیوەندی نێوان ئۆرگانەکانی حزب، بڕیارەکان چۆن شۆڕدەبێتەوە لە دەسەڵاتی کێ دەبێت بڕیار لە فڵان شت بدات، کردنەوەی ئۆرگانێکی نوێ و هەندێك بابەتی دیکە، پرس و را بە کۆمەڵێك خەڵکی پسپۆڕ کراوە، خەڵکی شارەزا ئەوانەی کاری حزبییان کردووە، مامۆستایانی زانکۆ، هەر لایەو بابەتێکیان پێشکەشکردووە و سوودیان لێ وەرگیراوە، مەبەدئی ئەمجارە وایە کە بەشێوەیەك پەیڕەو دابڕێژرێت کە بڕیاردان لەناو حزبدا خێراتربێت واتە وای لێ بێت کۆمەڵێك دەسەڵات بدرێت بە خوارەوە، بدرێت بە هەیکەلی لق و ناوچەکان بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەکان بۆ ئەوەی کاری حزبی بۆ لەمەودوا خێراتر بێت، زۆرینەی قەواعیدی حزبیش وای داوا کردووە کە هەوڵ بدرێت بۆ بڕیاردان دەسەڵات بدرێتە خوارەوە و کاری حزبی خێراتر بکرێت.

بڵند ئیسماعیل گوتیشی: ئەگەر کۆرۆنا هەر بەردەوام بێت و بمێنێت لەوانەیە پێویست بەوە بکات لە جیاتی ئەوەی هەزار و ٥٠٠ کەس بەشداربێت بێت بە ٧٥٠ کەس یان ٥٠٠ کەس، بەڵام دیسان ئەو ژمارەیەیش هەر زۆرە، بۆیە هیچ شتێك نییە کێشەی خستبێتە کۆنگرە تەنیا و تەنیا کۆرۆنایە.

ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: تاوەکو ئێستا بڕیاری دواخستنی کۆنگرە نەدراوە، بەڵام پێشتریش بڕیاری رۆژەکەی نەدرابوو بۆیە دەمێنێتە سەرئەوەی هەلومەرجی تەندروستیی چی لێدێت، هەرکات کۆرۆنا نەمایان کەمی کرد لە ماوەی مانگێك بۆ پەنجا رۆژ پارتی کۆنگرەی خۆی دەبەستێت.

بۆشایی ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگەکانی عێراق بەهاوبەشی پڕ دەکرێنەوە

گوتەبێژی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق:

هێزی پێشمەرگە و سوپا گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتن



گوتەبێژی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ئاشکرای کرد گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەبارەی هاوکاری هەواڵگری بۆ ناوچە جێناکۆکەکان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتن بۆ لەناوبردنی تیرۆر، بە تایبەت لە سنووری پارێزگای دیالە و کەرکووك.

بەگوێرەی کوردستان٢٤ لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا یەحیا رەسوڵ، گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق رایگەیاندووە: کۆبوونەوە و لێکتێگەیشتنی ئەمنیی هاوبەش لە نێوان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە هەیە.

گوتیشی: ئەو لێکتێگەیشتنە زیاتر تایبەتە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەبارەی ئەنجامدانی کردەی سەربازی هاوبەش لەو ناوچانەی گومان دەکرێت شانەی نووستووی رێکخراوی داعشی لێ هەبێت، وێڕای ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگری لەبواری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەڕەشە ئەمنییەکان، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانەوە هەیە، بۆ ئەوەی رێگری لە دزەکردنی چەکدارانی تیرۆریست لە ولاتانی هاوسنوور لەگەڵ عێراق بکرێت.

یەحیا رەسوڵ باسی لەوەشکردووە لێکتێگەیشتنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بووە هۆی ئەوەی ناوەندی هەماهەنگی هاوبەش لە نێوان هەردوولا پێکبهێنرێت، کە لە ژمارەیەك ئەفسەر و فەرماندەی هەردوولا پێکهاتوون و ئامانجێکیشی بۆ ئەوەیە، بۆشایی ئەمنی لەنێوان پارێزگاکان هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق بە هاوبەشی پڕ بکرێتەوە. گوتیشی: ئەو ناوچانەی هاوکاری هاوبەش لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسەریان دەکرێت دەکەونە پارێزگاکانی دیالە و کەرکووك.

گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق روونیکردەوە، حکوومەتی عێراق هەوڵ بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری نێوان عێراق و سووریا دەدات، بۆ ئەو مەبەستەش پلانێك لە نێوان فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکان و هەریەك لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگری عێراق بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنۆلۆژیا دارێژراوە.



هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش گرنگە

جەنەراڵ ئەعیاد تۆفان: پێویستە عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بە سیاسەت و ستراتیژێتی خۆیدا بچێتەوە



جموجۆڵەکانی تۆرەکانی تیرۆری داعش بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبن بەدیاریکراوی لە ناوچەکانی پارێزگەی دیالە و تکریت و مووسڵ و کەرکووك.

جەنەراڵ ئەعیاد تۆفان، پسپۆڕی ئاسایشی و ستراتیژی بۆ دەنگی ئەمەریکا رایگەیاند ڕاستییەك هەیە نابێت لەبیرمان بچێت، داعشی ئەوسا و ئێستا جیاوازن، وەك ئەو دەڵێت داعش ئێستا شێوازی جیاواز بەکاردەهێنێت لە شەڕەکاندا و لەسەر بنچینەی دەستە و تاقمی بچووك بچووك کار دەکات و هێرشەکانی خۆی ئەنجامدەدات، تەنانەت بۆ کشانەوەکانیشی لە شوێنی شەڕەکان، پشت دەبەستێت بە زانیاری وردی هەواڵگری کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاری لەسەر دەکات و هەروەهاش بە پشتبەستن بەوانەش کە سەر بە داعشن یان هاوسۆزی داعشن لەو ناوچانەدا، یانیش ئەوانەی لەناو هێزە ئاسایشییەکانی عێراقدا کار دەکەن.

جەنەراڵ ئەعیاد تۆفان، کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستە سیاسییەکاندا، داوا دەکات حکوومەتی عێراق جارێکیتر بە سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆیدا بچێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنی داعشدا، دەشڵێت سەرکردە مەیدانییەکانی سوپا و هێزە ئاسایشییەکان پلان و بەرنامەڕێژییان نییە بۆ پارێزگاریکردن لەو ناوچانەی لە داعش پاك دەکرێنەوە، نەبوونی لێپێچینەوە هۆکارێکی تر و لە ساڵی ٢٠١٤وە تا ئێستا هیچ کەسێك یان سەرکردەیەکی لەشکری بەرپرسیار نەکراوە بەرانبەر هەر شکستێکی لەم شەڕەدا ڕووی دابێت. ئەگەرچی هێشتا هەولێر و بەغدا نەگەیشتوونەتە رێککەوتنی کۆتایی، بەڵام لە ئێستادا لێکتێگەیشتنی هاوبەش دروستبووە و وەك دەگوترێت لیژنەی هاوبەشیش پێکهێنراون بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی داعش و هەروەهاش بۆ ڕێگەگرتن لە دزەکردنی تێرۆریستان لە ناوچە سنورییەکان. لەمبارەیەوە جەنەراڵ ئەعیاد دەڵێت هەر ڕێکخستنێك لەنێوان هێزەکانی حکوومەتی نێوەندی و هێزەکانی هەرێمدا، بە تایبەتیش لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، گرنگی خۆی هەیە، چونکە داعش مۆڵگەی خۆی لەو ناوچانەدا هەیە.



خانەقین.. زیاتر لە 400 خێزانی ئاوارە دەگەڕێنرێنەوە بۆ سنووری شارەبان

زیاتر لە 400 خێزانی قەزای شارەبانی سەر بە دیالە کە ماوەی شەش ساڵە لە سنووری خانەقین ئاوارەن، بڕیارە لەم هەفتەیەدا بگەڕێنەوە شوێنی ژیانی خۆیان.

عیسام محەمەد، بەرپرسی راگەیاندنی نووسینگەی خانەقینی کۆچ و کۆچبەرانی سەر بە حکوومەتی عێراق بە خەباتی راگەیاند: هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لە سنووری خانەقین و دەوروبەری بەردەوامە، ئەوەش لە هەوڵانەش لە پاش سەردانی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکوومەتی ناوەند چرکاوەتەوە. عیسا محەمەد گوتیشی: بەهۆی داگیرکردنی ناوچەکەیان و بوونی مەترسیی گرووپە توندڕۆکان لەسەر ناوچەکانیان، ماوەی 6 ساڵ زیاترە 400 خێزانی ناوچەی سنسلی سەر بە قەزای شارەبان کە لە سنووری خانەقین نیشتەجێن، نەگەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و وا بڕیارە لەم هەفتەدا بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.



پزیشکانی بێسنوور: کۆرۆنا ژیانی ئێزدییەکانی تاڵتر کردووە

ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور ڕاپۆرتێکی لە بارەی ڕەوشی کوردانی ئێزدی لە شنگال لە سەردەمی کۆرۆنادا بڵاوکردەوە و بەپێی ڕاپۆرتەکە پەتای جیهانی کۆڤید-١٩ کاریگەری گەورەی کردووەتە سەر ئێزدییەکان لە قەزای شنگال. ڕاپۆرتەکە کە دوێنێ یەکشەممە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەو قەدەخەی هاتووچۆیە کردووە کە لە عێراق بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە سەپێندرابوو.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئەم ڕێوشوێنانە بەشێوەیێکی گەورە کاریگەرییان کردووەتە سەر دۆخی ئابووری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک ناوچەکە و بەمەش تەندروستیی دەروونیان. زۆربەی خەڵکی شنگال بێکارن و لە ژێر هێڵی هەژاری دەژیان و ئێستاش لەگەڵ گەیشتنی کۆڤید19-، ئەوانەشی کاریان هەبوو بێکارن و ناچارن لە ماڵەوە دابنیشن بەبێ ئەوەی بتوانن بژێوی خێزانەکانیان دابین بکەن.

ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی بێسنوور ژیانی عائید ناسری بە نموونە هێناوەتەوە کە لە ساڵی 2018وە لەگەڵ ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور کاردەکات، وەک سەرپەرشتیاری پەرستاران لە نەخۆشخانەی گشتیی سنونێ.

عائید خێزانداران و خاوەنی چوار منداڵە و دانیشتووی کامپی چەمشکۆیە بۆ ئاوارەکان لە دهۆك. عائید ماوەی پێنج مانگە چاوی بە خێزانەکەی نەکەوتووە بەهۆی ڕێوشوێنەکانی قەدەخەی هاتووچۆ کە بەهۆیەوە ناتوانێت بچێتەوە دهۆك.

لە بارەی بارودۆخی شنگالەوە عائید بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی گوتووە: زۆربەی خەڵکی شنگال یان جووتیارن یان کرێکارن و کاری سەربەخۆ دەکەن لە دەرەوەی شنگال، کە تەنیا چەند ڕۆژێك دەخایەنێت. ڤایرۆسی کۆرۆنا هەموو کاروبارەکانی ڕاگرت و خەڵك ناتوانن بچنە دەرەوەی شارۆچکەکە بۆ کار. جووتیارەکانیش تەنانەت مایەی ڕەنج و ماندووبوونیشیان بۆ نەگەڕاوەتەوە.

بۆ زۆر لە دانیشتووانی ناوچەکە، لەدەستدانی توانای دابینکردن بۆ خێزانەکانیان هەروەها دەستبەتاڵی و ترس و نەبوونی دڵنیایی دەربارەی داهاتوو و نەبوونی ڕێگەیێك بۆ شادبوون بە خانەوادەکانیان لە کوردستان، چەند هۆکارێکن لەپاڵ چەندانی دیکە کە بوونەتە هۆی کەڵەکەبوونی بێهیوایی و گوشار و کاریگەری زیانبەخش لەسەر خەڵکانێك کە هەوڵدەدەن بەسەر ئەزموونە تۆقێنەرەکانی ڕابردوویان زاڵبن.

فیبی یۆنکیو، بەڕێوبەری چالاکییەکانی تەندروستیی دەروونی لە پڕۆژەی پزیشکانی بێسنوور لە سنونێ ئاماژەی بەوەداوە، مانەوەی پیاوەکان لە ماڵەوە بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی تووندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان.

یۆنکیو دەڵێت «دوای سووکردنی ڕێکارەکان سکاڵای چەندین ئافرەتمان پێگەیشتووە کە هاوژینەکانیان لەم ماوەیەدا تووندوتیژیان بەرامبەر ئەوان و منداڵەکانیان کردووە». گوتیشی: «هەروەها تێبینی بەرزبوونەوەی حاڵەتەکانی خەمۆکیان کردووە لە نێو دانیشتووانی شنگال و باوەڕمان وایە قەدەخەی هاتووچۆ ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لەم بەرزبوونەوەیە. لە چەند مانگی پێشوو، ژمارەیێکی زۆر نەخۆشمان پێگەیشت کە بیریان لە خۆکوشتن کردووەتەوە و هەوڵیان بۆ دابوو، کە ئەمانەش نیشانەی تووندی خەمۆکین».

شانا مۆریس، پزیشك لەگەڵ پزیشکانی بێسنوور لە سنونێ دەڵێت: «پێش قەدەخەی هاتووچۆ، ئەو خەڵکانەی کە پێویستیان بە خزمەتگوزاری پزیشکی تایبەتمەندبوو دەتردرانە نەخۆشخانەکانی دهۆك، بەڵام ئێستا خەڵك ناتوانێت بچێتە دهۆك و تاکە شوێنی بەردەست موسڵە. بۆ ئەمەش دەبێت بە ئەمبوڵانس بچن بۆ ئەوەی لە خاڵەکانی پشکنین ڕێگایان پێبدەن. نەخۆش بە تێکڕایی نزیکەی چوار کاتژمێری پێدەچێت بۆ گەیشتن بە نەخۆشخانەیێك لە موسڵ. سەرەڕای ئەوەش، زۆر لە ئێزدییەکان دوودڵن لە چوون بۆ موسڵ، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆربەیان عەرەبی نازانن، یان لەبەر ڕووداوەکەی 2014 ناچن».

بۆ زۆربەی دانیشتووانی گوندەکان لە شنگال، تاکە بژارە بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی نەخۆشخانەی گشتی سنونێیە، کە تێیدا پزیشکانی بێسنوور خزمەتگوزارییەکانی فریاگوزاری و منداڵبوون پێشکەش دەکات. بەڵام سەردانی ئافرەتان بۆ نەخۆشخانەکە کەم بووەتەوە.

هەروەها دێبرا ئەدیلاید، بەڕێوبەری چالاکییەکانی مامانی پزیشکانی بێسنوور لە سنونێ گوتی: ژمارەی نەخۆشەکانمان لە نۆڕینگەی دەرەوە بەشێوەیێکی بەرچاو کەمی کردووە. ژنان ناتوانن سەردانمان بکەن بۆ چاودێری تەندروستی پێش منداڵبوون یان دوای منداڵبوون و خزمەتگوزاریەکانی وەچەخستنەوە.

پزیشکانی بێسنوور لە سنونێ

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پزیشکانی بێسنوور لە ئابی 2018 دەستیکرد بە پاڵپشتی نەخۆشخانەی گشتیی سنونێ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی فریاگوزاری و منداڵبوون. دواتر خێرا بۆی دەرکەوت کەوا چاودێری تەندروستی دەروونی پێویستیێکی گەورەی پرنەکراوەیە لە ناوچەکە. لەو کاتەوە، تیمەکە ئاستی چالاکییەکانی چاودێری تەندروستی دەروونی بەرزکردوەتەوە لە نەخۆشخانەی سنونی تاوەکو چالاکی تەندروستیی دەروونی تایبەتمەند و تەندروستیی کۆمەڵگا لە خۆ بگرێت لەگەڵ هۆشیاری تەندروستی و دانیشتنی بەکۆمەڵ و تەندروستیی دەروونی بۆ ئاوارەکانی سەر چیای شنگال. بە خزمەتکردنی زیاتر لە 90 هەزار کەس، پرۆژەی پزیشکانی بێسنوور لە سنونێ خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە هەموو کۆمەڵانی ناوچەکە دەکات. لە 2019دا پزیشکانی بێسنوور 14,581 نەخۆشی چارەسەرکرد لە بەشی فریاگوزاری نەخۆشخانەی گشتی سنونێیە، کە تێیدا پزیشکانی بێسنوور خزمەتگوزارییەکانی فریاگوزاری و منداڵبوون پێشکەش دەکات. بەڵام سەردانی ئافرەتان بۆ نەخۆشخانەکە کەم بووەتەوە.

هەروەها دێبرا ئەدیلاید، بەڕێوبەری چالاکییەکانی مامانی پزیشکانی بێسنوور لە سنونێ گوتی: ژمارەی نەخۆشەکانمان لە نۆڕینگەی دەرەوە بەشێوەیێکی بەرچاو کەمی کردووە. ژنان ناتوانن سەردانمان بکەن بۆ چاودێری تەندروستی پێش منداڵبوون یان دوای منداڵبوون و خزمەتگوزاریەکانی وەچەخستنەوە.

پزیشکانی بێسنوور لە سنونێ

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پزیشکانی بێسنوور لە ئابی 2018 دەستیکرد بە پاڵپشتی نەخۆشخانەی گشتیی سنونێ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی فریاگوزاری و منداڵبوون. دواتر خێرا بۆی دەرکەوت کەوا چاودێری تەندروستی دەروونی پێویستیێکی گەورەی پرنەکراوەیە لە ناوچەکە. لەو کاتەوە، تیمەکە ئاستی چالاکییەکانی چاودێری تەندروستی دەروونی بەرزکردوەتەوە لە نەخۆشخانەی سنونی تاوەکو چالاکی تەندروستیی دەروونی تایبەتمەند و تەندروستیی کۆمەڵگا لە خۆ بگرێت لەگەڵ هۆشیاری تەندروستی و دانیشتنی بەکۆمەڵ و تەندروستیی دەروونی بۆ ئاوارەکانی سەر چیای شنگال. بە خزمەتکردنی زیاتر لە 90 هەزار کەس، پرۆژەی پزیشکانی بێسنوور لە سنونێ خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشکردنی بە هەموو کۆمەڵانی ناوچەکە دەکات. لە 2019دا پزیشکانی بێسنوور 14,581 نەخۆشی چارەسەرکرد لە بەشی فریاگوزاری نەخۆشخانەی گشتی سنونێیە، کە تێیدا پزیشکانی بێسنوور خزمەتگوزاریەکانی فریاگوزاری و منداڵبوون پێشکەش دەکات. بەڵام سەردانی ئافرەتان بۆ نەخۆشخانەکە کەم بووەتەوە.

هەروەها دێبرا ئەدیلاید، بەڕێوبەری چالاکییەکانی مامانی پزیشکانی بێسنوور

سەرچاوە/ ڕووداو



هاوۆلاتییەکی کورد لە سنە لەسێدارە درا

حوکمی سێدارەی هاوۆلاتییەکی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری سنە کە بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست ئەو حوکمەی بەسەردرا سەپاوە، جێبەجێکرا.

بەپێی لیدوانی ئەرسەلان یار ئەحمەدی بەرپرسی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بۆ خەبات دوێنێ دووشەممە حوکمی سێدارەی هاوۆلاتییەکی خەڵکی سنە بە ناوی کەیوان ڕەزاقوڵی لە گرتووخانەی ناوەندی ئەو شارە بەڕێوە چوو. کەیوان ڕەزاقوڵی تەمەن 43 ساڵی، لە 2016 بە تۆمەتی کوشتنی هاوڕێیەکی خۆی دەستبەسەر و لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە حوکمی سێدارەی بەسەردرا سەپێندراوە.

زیقار.. ئاگر لە بارەگای گرووپێکی چەکداری نزیک لە ئێران بەردرا

لە شاری ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار باشووری عێراق، ئاگر لە بارەگایەکی گرووپێکی چەکداریی نزیك لە ئێران بەردرا. ئەفسەرێك بە پلەی ملازم لە پۆلیسی زیقار ڕایگەیاند، دەیان کەس ئاگریان لە بارەگای بزووتنەوەی ئەنسارولڵای وەفاداران لە شاری ناسرییە بەردرا.

سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند: تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە ئاگرەکەیان کۆنترۆڵکرد. سەرچاوەکە ڕاشیگەیاند، زیانێکی زۆری ماددی بە بارەگاکە گەیشتووە.



دوو گەورە تیرۆریستی داعش لە کەرکووک دەستگیرکران

وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەستگیرکردنی ژمارەیەک تۆمەتبار و تیرۆریستی داواکراوی ڕاگەیاند

ئاژانسی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوەی فیدراڵی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، دەستگیرکردنی ١٤ تۆمەتبار و سێ تیرۆریستی داواکراو لە پارێزگای میسان ڕۆژهەڵاتی عێراق ڕاگەیاند.

ئاژانسی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوەی فیدراڵی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە ١٤ تۆمەتبار و سێ تیرۆریستی داواکراو لە پارێزگای میسان ڕۆژهەڵاتی عێراق دەستگیرکراون.

لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاژانسی ناوبراو بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی ئاژانسی هەواڵگریی لە وەزارەتی ناوخۆ لە میانی زنجیرەیەك هەڵمەتدا، ١٤ تۆمەتبار و سێ تیرۆریستی داواکراویان لە ژمارەیەك ناوچەی پارێزگای میسان دەستگیرکردووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، لەو ١٤ تۆمەتبارە، چواریان بەپێی ماددەی (٤٤٤ی دزیکردن) شەشی دیکەیان بەپێی ماددەی (٢٨ی ماددە هۆشبەرەکان) چواری دیکەیان بەپێی ماددەی (٤٠٦ی کوشتن) دەستگیرکراون.

ڕاگەیەندراوەکەی ئاژانسی هەواڵگریی و لێکۆڵینەوەی فیدراڵی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق باسی لەوەیش کردووە کە سێ تیرۆریستە دەستگیرکراوەکەیش لەلایەن دادگاوە داواکرابوون.

هەروەها ئاژانسی هەواڵگریی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، دەستگیرکردنی دوو گەورە تیرۆریستی داعشی لە شاری کەرکووك ڕاگەیاند. ئاژانسی هەواڵگریی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند، دوو سەرکردەی مەترسیداری داعش کە بەرپرسی پاڵپشتی لۆجستی نەو گرووپە بوون لە دوو گەڕەکی جیای شاری کەرکووك دەستگیرکراون.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ئاژانسی هەواڵگریی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، دوای کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگریی و بەدواچوونی ورد، هێزەکانیان لە دوو هەڵمەتدا توانیویانە، دوو سەرکردەی داعش کە خۆیان لە گەڕەکانی یەکی ئادار و ئەسرا و مەفقودین حەشاردابوو، دەستگیر بکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە کە دەستگیرکراوەکان پاڵپشتی لۆجستیان پێشکەش بە چەکدارانی داعش کردووە، وەك خۆراك و ئامێری پەیوەندییکردن. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەیش کراوە کە تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان لە ماوەکانی ڕابردوودا، بەشداریان کردووە لە چەندین کردەی تیرۆریستیی دژبە هێزە ئەمنییەکان لە ناوچەکانی سنووری پارێزگای کەرکووك.

ئەوروپا گەورەترین پرۆسەی ناردنەوەی پەنابەران بۆ عێراق جێبەجێدەکات

هەر پەنابەرێک بە ئارەزوومەندانە بگەڕێتەوە بڕی 2400 دۆلاری ئەمەریکی وەردەگرێت



پێنجشەممەی رابردوو، یەکەم فڕۆکەی پڕ پەنابەری عێراقی، لە یۆنانەوە بەرەو عێراق بەرێکەوت، لە چوارچێوەی پرۆسەیەکدا کە بەگەورەترین پرۆسە دادەندرێت بۆ گێڕانەوەی پەنابەران بۆ وڵاتەکانی خۆیان.

ئەو پەنابەرانە، بەئارەزووی خۆیان دەگەڕێنرێنەوە و بە پەنابەرانی کێشەی ئابووری ناودەبرێن، ئەمە هەنگاوی یەکەمی پڕۆگرامێکی یەکێتیی ئەورووپایە، بەئامانجی کەمکردنەوەی گوشاری پەنابەران لەسەر یۆنان، کە بەسەرەڕێی سەرەکی گەیشتنی پەنابەران بە ئەورووپا دادەنرێت و ساڵانە هەزاران کەس لەسەر خاکی ئەو وڵاتەوە، بەرێگەی جیاواز روو لە ئەورووپا دەکەن.

بەگوێرەی رووداو دیجیتاڵ یەکەم کۆمەڵەی پەنابەری دیپۆرتکراو ١٣٤ کەسی عێراقی لەخۆگرت. ستیلیۆس پیتساس، گوتەبێژی حکوومەتی یۆنان گوتی: ئەمە گەورەترین پرۆسەی ئارەزوومەندانەی ناردنەوەیە کە وڵاتەکەمان ئەنجامیدەدات و گەورەترینی سەر ئاستی ئەورووپاشە، لەمساڵدا.

لە پرۆسە ئەورووپییەکەدا، نزیکەی ٥ هەزار پەنابەری چەندین وڵاتی جیاواز کە بەهۆی خراپیی دۆخی ئابوورییەوە وڵاتەکانی خۆیان بەجێهێشتووە، بەئارەزووی خۆیان، دەگەڕێنرێنەوە وڵاتەکانی خۆیان و هەر یەکێک لەوان بڕی دوو هەزار یۆرۆ (٢٤٠٠ دۆلاری ئەمەریکی) دەدرێتێ.

ئەوانەی لە چوارچێوەی هەمان پرۆسەدا خۆیان داوای گەڕانەوە دەکەن، دەبێ بەر لە مانگی شوباتی ئەمساڵ گەیشتبنە یۆنان و نیشتەجێی دوورگەکانی لیرۆس، سامۆس، لیسپۆس، کۆس و خیۆس بن. ئەو کەسانە مانگێکیان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی داوای گەڕانەوە بکەن و هاوکارییە ئەورووپییەکە بیانگرێتەوە.

وەزارەتی کۆچی یۆنان ئاشکرای کردووە، دەکرێ وادەی وەرگرتنی داواکارییەکانی گەڕانەوە، مانگێکی دیکەش درێژ بکرێتەوە. پلانی گێڕانەوەی ئارەزوومەندانەی پەناهەندە ئابووریەکان، لە مانگی ئاداری رابردوودا دەرچوو، بەڵام بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، بووە هۆی دواخستنی جێبەجێکردنی.

یەکێتیی ئەورووپا لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا، پلانێکی بۆ گێڕانەوەی ئەو پەنابەرانە قبووڵکرد کە رازین بەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. یەکێتییەکە لەسەرەتاوە بڕیاریدا بڕی ٢٠٠٠ یۆرۆ بەهەر پەنابەرێک بدات، کە رازیبە بەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، ئەمەش بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ لە وڵاتەکانی خۆیان و پەنابردنە بەر سەرلەنوێ رووکردنەوە ئەورووپا.

ڕێککەوتنەکە لەنێوان یەکێتیی ئەورووپا و یۆنانـدا ئیمزا کرا و مەبەستیەتی، هانی ٥ هەزار پەنابەری سەر خاکی یۆنان بدات، بەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان.

ئێفا یۆهانسنی کۆمیساری کاروباری ناوخۆیی یەکێتیی ئەورووپا رایگەیاند، کە پڕۆگرامەکە بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام دەبێت و ئامانج لێی ناردنەوەی پێنج هەزار داواکاری پەناهەندییە لە یۆنان، بۆ وڵاتەکانی خۆیان. ئەو گوتی مەبەستی یەکەمی پرۆسەکە، کەمکردنەوەی گوشاری زۆری سەر کەمپەکانی پەنابەرانە لە یۆنان.

سەرچاوەکانی یەکێتیی ئەورووپا دەڵێن لە دوورگەکانی یۆنانـدا، ئێستا ٣٧ هەزار پەنابەر هەن، کە هەموویان هەوڵی پەڕینەوە بۆ ئەورووپا دەدەن. پێشتر یەکێتیی ئەورووپا رایگەیاندبوو لە پلانیدا هەیە ١٦٠٠ مندااڵی سووری کە ئێستا لە یۆنان دەژین، لە حەوت وڵاتی یەکێتییەکەدا وەک پەنابەر وەربگرێت.

پرۆسەی گێڕانەوەی پەنابەران لە یۆنانەوە، بەهاوکاریی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و ئاژانسی ئەورووپی چاودێری سنوورەکان جێبەجێدەکرێت. کۆمیسیۆنی کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش، پێشتر ئاشکرایکردبوو لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٥ - ٢٠١٦، نزیکەی یەک ملیۆن پەنابەر گەیشتوونەتە یۆنان و تائێستا ١٢٠ هەزاریان لەو وڵاتە ماونەتەوە. پێشتر یۆنان، بەهاوکاریی یەکێتیی ئەورووپا، پێنج دووڕگەی یۆنانی بۆ پێشوازی و کۆنترۆڵکردنی پەنابەران تەرخانکرد و کەمپی تایبەت بەپێشوازی پەنابەرانی بۆ ٦٠٩٥ کەس دروستکرد، بەڵام کۆمیسیۆنی پەنابەرانی یەکێتیی ئەورووپا دەڵێت، ئێستا زیاتر لە ٢٥ هەزار کەس، لەسەر دووڕگە یۆنانییەکان دەژین.



حکوومەتی لوبنان دەستی لەکارکێشایەوە

دوێنێ دووشەممە وەزیری تەندروستیی لوبنان، حەمەد حەسەن ئاشکرای کرد بەهۆی تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت، حکوومەتی لوبنان بەسەرۆکایەتیی حەسان دیاب دەستیلەکارکێشاوەتەوە. حەمەد حەسەن لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا رایگەیاند: بەهۆی تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت، حکوومەتی لوبنان، بەسەرۆکایەتی حەسان دیاب دەستیلەکارکێشایەوە.

حەسەن ئاشکراشی کردووە حکوومەتەکەی حەسان دیاب نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی پێشکەشی سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون کردووە، ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە پێشتر هەریەک لە وەزیری دارایی، غازی وەزنی و وەزیری داد، ماری کلۆد نەجەم و وەزیری ڕاگەیاندن، مەنال عەبدولسەمەد و وەزیری ژینگە، دیمیانوس قەتار بەهۆی تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت دەستیان لەکارکێشابوویەوە.

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو تەقینەوەیەکی بەهێز بەندەری بەیروتی هەژاند کە بەهۆیەوە تا ئێستا بەپێی دواییین ئامار ١٥٤ کەس کوژراون و شەش هەزاری دیکەیش بریندارببوون، هەروەها تەقینەوەکە زیانێکی زۆری ماددیشی لێکەوتەوە.

ئیسرائیل هێرشی کردە سەر خاڵێکی چاودێری حەماس لە کەرتی غەززە

فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل، خاڵێکی بزووتنەوەی حەماسیان لە باکووری کەرتی غەززەی گەمارۆدا و بۆردوومان کرد.

لە هێرشەکەدا فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل خاڵێکی لیواکانی عیزەددین قەسام، باڵی سەربازیی حەماسیان لە باکووری کەرتی غەززە کردە ئامانج. تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵە وەزارەتی تەندروستیی کەرتی غەززە، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە سەبارەت بە کەوتنەوە و نەکەوتنەوەی زیانی گیانیی لە هێرشەکەدا.

خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرزبووەوە

بەهۆی بەرزبوونەوەی هەڵئاوسان لە چین، هەروەها لێدوانێکی وەزیری نەوتی عێراق، ئێحسان عەبدولجەبار سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرزبوویەوە و دوێنێ هەر بەرمیلێکی بە ٤٤ دۆلار و ٩٩ سەنت مامەڵەی پێوەکرا.

لە کاتژمێر ١٠:٣٤ی دوێنێ بەیانییەکەی نرخی یەک بەرمیل خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەڕێژەی ١,٢٣ لەسەدا بەرزبوونەوەی تۆمار کرد و هەر بەرمیلێکی بە ٤٤ دۆلار و ٩٩ سەنت مامەڵەی پێوەدەکرا. هاوکات نرخی یەک بەرمیل خاوی ڕۆژئاوای تێکساس بەڕێژەی ١,٣٦ لەسەدا ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد و گەیشتە ٤١ دۆلار و ٧٨ سەنت.

ئەمەریکا زۆرترین ژمارەی تووشبووانی بە پەتاکە تۆمارکردووە

لەسەر ئاستی جیهان ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا 20 ملیۆن کەسی تێپەڕاند

ژمارەی تووشبووان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا نوێ (COVID-19) لە سەرانسەری جیهاندا، 20 ملیۆن کەسی تێپەڕاند.

بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە زانیارییەکانی پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، ژمارەی تووشبووانی پەتاکە لە جیهان گەیشتووەتە، 20 ملیۆن و 26 هەزار و 161 کەس. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە تۆمارکردنی پێنج ملیۆن و 199 هەزار و 444 حاڵەتی تووشبوون بە پەتاکە زۆرترین ژمارەی تووشبوونی لەسەرتاسەری جیهان تۆمارکردووە. دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ریزبەندی ئەو وڵاتانەی زۆرترین ژمارەی تووشبوونی پەتای کۆرۆنایان تیادایە:

بەگوێرەی ئامارەکە کە دوێنێ بڵاوکرایەوە، بەڕازیل سێ ملیۆن و 35 هەزار و 582 حاڵەت، هیندستان دوو ملیۆن و 215 هەزار و 74 حاڵەت، ڕووسیا 887 هەزار و 536 حاڵەت، کۆماری باشووری ئەفریقا 559 هەزار و 859 حاڵەت، مەکسیک 480 هەزار و 278 حاڵەت، پێرو 478 هەزار و 24 حاڵەت، کۆلۆمبیا 387 هەزار و 481 حاڵەت، چیلی 373 هەزار و 56 حاڵەت، ئیسپانیا 361 هەزار و 442 حاڵەت، ئێران 326 هەزار و 712 حاڵەت، بەریتانیا 310 هەزار و 825 حاڵەت، سعوودیە 288 هەزار و 690 حاڵەت، پاکستان 284 هەزار و 660 حاڵەت، بەنگلادیش 257 هەزار و 600 حاڵەت، ئیتاڵیا 250 هەزار و 566 حاڵەت، ئەرجەنتین 246 هەزار 499 حاڵەت، تورکیا 240 هەزار و 804 حاڵەت.

ریزبەندی ئەو وڵاتانەی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتاکە فەرەنسا 197 هەزار و 921 حاڵەت، عێراق 150 هەزار و 115 حاڵەت، فلیپین 129 هەزار و 913 حاڵەت، ئیندۆنیزیا 125 هەزار و 396 حاڵەت، کەنەدا 119 هەزار و 451 حاڵەت و قەتەر 112 هەزار و 947 حاڵەت.



لە عێراق 72 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا گیانیانلەدەستدا

کۆی گشتیی تووشبووان بە کۆرۆنا گەیشتووەتە 153 هەزار و 599 کەس

وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق، دوێنێ دووشەممە ڕایگەیاند: سێ هەزار و ٤٨٤ کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19)، بوون و ٧٢ کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیانلەدەستداوە.

وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، دوێنێ دواییین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکە ئاماژە بەوەدراوە ٧٢ کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانیانلەدەستداوە و دوو هەزار و ٤٨٤ کەسی دیکەیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. باس لەوەیشکراوە کە دوو هەزار و ١٥ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چاکبوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، گەیشتووەتە ١٥٣ هەزار و ٥٩٩ کەس و لەو ژمارەیەش پێنج هەزار و ٤٦٤ کەس گیانیانلەدەستداوە و ١٠٩ هەزار و ٧٩٠ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

یەیوەندییەکانی یۆنان و تورکیا زیاتر ئاڵۆز دەبێت



یۆنان بۆ تورکیا: هەراسانکردن قبووڵ ناکەین

وەزارەتی دەرەوەی یۆنان دوێنێ دووشەممە داوای لە تورکیا کرد کارە نایاساییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا ڕاگرێت و ئەم چالاکییانەی تورکیای بە هەراسانکردن و تێکدانی ئاشتی و ئارامی ناوچەکە ناوبرد.

بەگوێرەی کوردستان٢٤ وەزارەتی دەرەوەی یۆنان ڕایگەیاندووە یۆنان قبووڵی هەراسانکردن ناکات و بەرگری لە مافە سەروەرییەکانی خۆی دەکات.

دەسەڵاتی دەریاوانی تورکیا ئاگادارییەکی بڵاوکردبوویەوە و تێیدا هاتبوو: کەشتی ئیرۆڤ ڕێیسی تورکی لە میانی دوو هەفتەی داهاتوودا، ڕووپێوێکی بوومەلەرزەیی لە ناوچەکانی ناکۆکی لەسەر لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا ئەنجام دەدات.

واپێدەچێ ئەم هەنگاوەی تورکیا جارێکی دیکە ناکۆکی و نیگەرانی لەگەڵ یۆنان دروست بکاتەوە، کە هەردووکیان ئەندامی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی ناتۆن. وڵاتانی ناوچەکە ناکۆکن بەهۆی هەوڵەکانیان بۆ گەڕان بەدوای نەوت و غاز لە ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاستدا، مانگی ڕابردووش ئاگادارییەکی هاوشێوە بووە هۆی وروژاندنی ناکۆکییەکی تونـد لە نێوان هەردوو وڵاتدا، کە دواتر ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنگێلا میرکڵ هەوڵی هێورکردنەوەی ڕەوشەکەی دا.



هێمن هەورامی پێشوازی لە کۆنسوڵی نوێی یابان لە هەرێمی کوردستان دەکات

دوێنێ 10/8/2020 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازی لە ناگایاما یۆشیکۆ کۆنسوڵی نوێی یابان لە هەرێمی کوردستان کرد.
لە دیدارێکدا کە هەریەک لە سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان ئامادەبوون، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەخێرهاتنی کۆنسوڵی گشتی یابانی لەهەرێمی کوردستان کرد، هاوکات پاڵپشتی پەرلەمانی کوردستانی بۆ دەستبەکاربوونیان وەکو کۆنسوڵی نوێی یابان خستەروو.
لە دیدارەکەدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لە مێژووی دروستبوونی پەرلەمانی کوردستان وفرەیی پێکهاتەکان و شێوازی کاری تەشریعی و ڕێژەی بەشداری ئافرەتان و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان کرد ، هەروەها هیوایخواست پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پەرلەمانی کوردستان و وڵاتی یابان پێشکەوتن بەخۆوە ببینێت و لە داهاتوودا سود لە ئەزموونی کاری پەرلەمانی یەکەتر وەربگرن، پاشان باس لە ڕەوشی تەندروستی و سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان و ئەو ئەزموونە جوانەی پێکەوە ژیان، کە لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان هەیە کرا.
لەلایەن خۆیەوە ناگایاما یۆشیکۆ کۆنسوڵی نوێی یابان لە هەرێمی کوردستان، خۆشحاڵی خۆی دەبڕی بۆ دەستبەکاربوونی وەکو کۆنسوڵی نوێی یابان لە هەرێمی کوردستان و هیوای خواست پەیوەندییەکانی نێوان یابان و هەرێمی کوردستان لەسەر هەموو ئاستەکان پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت و دۆستایەتی نێوان یابان و هەرێمی کوردستان زیاتر پەرەبستێنێت.



تەرمی بەرپرسی ناوچەی کەلاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان دۆزرایەوە کە 4 ڕۆژ لەمەوبەر لە ڕووباری سیروانداا خنکا

بەمەبەستی تۆڵکاری تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری قەزای کەلار کراوە

عەلی جەمال قدووری وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە دوای ئەوەی چوار ڕۆژ پێش ئێستا لەکاتی مەلەکردندا لەگوندی قولەسوتاو گەنجێکی دانیشتووی قەزای کەلار بەناوی (محەمەد جەلال سەمین) لە ڕووباری سیروان خنکا، دوای چوار ڕۆژ گەڕان بەدوای تەرمەکەیدا بەیانی دوێنێ دووشەممە 10ی 8 ی 2020، لەنزیک قەزای کەلار تەرمەکەی لە ڕووباری سیروان دۆزرایەوە. دەشڵێت ، لە ئێستادا بەمەبەستی تۆڵکاری تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری قەزای کەلار دەکرێت.
شایەنی باشە محەمەد جەلال سەمین بەرپرسی ناوچەی کەلاری سەر بە لقی گەرمیانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە.



بەڕپرسی لقی (10)ی سۆران دوو خانەوادەی شەهیدی دەڤەرەکە بەسەر دەکاتەوە



ڕەنجبەربەرزنجی_ن_سۆران:
لە میانەی کاروچالاکییەکانی خۆیدا عبدالواحید ڕواندزی بەرپرسی لقی 10ی سۆران بە یاوەری بەڕێوەبەری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران , خانەوادەی شەهید عادل مهاجیر و خانەوادەی شەهید دەرباز نعمت-ی لە سنووری قەزای سۆران بەسەر کردەوە , لەو بەسەرکردنەوەیەدا بەرپرسی لقی (10)ی سۆران وێڕای ئاماژەدان بە قارەمانێتی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی گەلەکەمان , ڕۆڵی هەردوو شەهیدی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی کوردستان بەگرنگ و پرپایەخ وەسف کرد و پاڵپشتی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی لە خزمەتکردنی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان دووپات کردەوە , لای خۆشیانەوە خانەوادەی هەردوو شەهید خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە دەربڕی و بەڵێنیان دووپاتکردەوە کە لەسەر ڕێبازی شەهیدانیان دڕێژە بە خەباتی خۆیان بدەن.

سلێمانی.. لەسەر دیارنەمانی زیاتر لە ملیارێک و 900 ملیۆن دینار دوو تۆمەتبار سزا دران

دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە دادگای تاوانەکانی سلێمانی\1 بڕیاری لەسەر کەیسی دیارنەمانی زیاتر لە ملیارێک و 900 ملیۆن دینار داوە. دوێنێ دووشەممە 10ی 8ی 2020 فەرمانگەی یاسایی سەر بە دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کرد، لە دڕێژەی بەدواداچوونەکانیان بۆ کەیسەکانی گەندەڵی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن دەستەی دەستپاکییەوە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە و بە بڕیاری دادوەری دەستپاکی ئاراستەی دادگاکان کراوە، ڕۆژی یەکشەممە 9ی 8ی 2020 دادگای تاوانەکانی سلێمانی\1 بڕیاری لەسەر کەیسی دیارنەمانی زیاتر لە ملیارێک و 900 ملیۆن دینار داوە.
هاوکات ئەوە ئاشکرا کراوە کە پارەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردنی سلێمانی دیار نەماوە و تۆمەتباران (ا، م) و (ه، خ) بە ماددە 316ی یاسای سزادانی عێراقی بۆ ماوەی شەش ساڵ بەندکردن سزا دراون لەگەڵ بڕیاری گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیەی ئامانجی پێدراوە.


سلێمانی... دەست بەسەر بڕێکی زۆر لە دەبەئاودا گیرا



لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی دەستیان بەسەر بڕیکی زۆر ئاوی لەدەبەنرا و شلەمەنی و خواردنەوە گازییەکانی بەر تیشکی خۆر و پلەی گەرمی بەرزدا گرتووە و هۆشیاریش بە خاوەن دوکان و مارکێت و شوێنە گشتییەکان دەدەن.
کەیوان خەلیل، سەرۆکی لیژنەی بەدواداچونی کارگەی ئاوی لەدەبەنراو، ڕایگەیاند: بەهۆی پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکانی کارکردن، لیژنەکە لەگەڕەکانی بای شاری سلێمانی دەستی بەسەر بڕێکی زۆر ئاوی لەدەبەنراو و شلەمەنی و خواردنەوە گازییەکانی بەر تیشکی خۆر و پلەی گەرمی بەرزدا گرتووە.
وتیشی: پێشتر لەڕێی ڕاگەیاندنەکان و لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانییەوە سەرجەم ئەو شوێنانە ئاگادار کراونەتەوە کە پێویستە ئاوی لەدەبەنرا و شلەمەنی و خواردنەوە گازییەکانی لەبەر تیشکی خۆر نەگوازنەوە و لە پلەی گەرمی بەرزدا نەیانفرۆشن.
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەفەرمانی قائیمقامی سلێمانی تەواوی ئەو ئاوی لەدەبەنرا و شلەمەنی و خواردنەوە گازییانەی لەو گەڕەکە دەستی بەسەردا گیراوە لەناودەبرێت و خاوەنەکانیشیان ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەکرێنەوە.

کەرکووک.. دوای 3 ساڵ یەکەم تاقی کردنەوەی دەرەکی ئەنجام درا

ئارام شێرکۆ – کەرکووک
پاش 3 ساڵ لە ئەنجام نەدانی تاقی کردنەوە دەرەکی , ڕۆژی یەکشەممە یەکەم تاقی کردنەوەی دەرەکی پۆلی شەشی ئامادەی ئەدەبی لە شاری کەرکووک بەڕێوەچوو , لە ژێر چاودێرییەکی توندی تەندروسی ,3000 هەزار قوتابی ئەم ساڵ بەشداریان لە تاقی کردنەوەکاندا کردوە .
مامۆستا شێرزاد ڕەشید کاکە بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی پەروەردەی کەرکووک لە لێدوانێکی تایبەتی بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند ,,پاش ئەوەی بۆ ماوەی سێ ساڵ تاقیکردنەوەی دەرەکی وەستا بوو ئەم ساڵ بۆ ساڵی چوارەم کرایەوە . بەڵام پەتای قایرۆرسی کۆرۆنا تارادەیەك کێشەی دروست کرد بەڵام نەبوو بە هۆکاری ڕێگرتن لە ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان «.
مامۆستا شێرزاد گووتیشی کە ئەم ساڵ 3000 قوتابی لە کەرکووک بەشداری لە تاقیکردنەوە دەرەکییەکان دەکەن کە 550 سەر بە خوێندنی کوردین و تاقیکردنەوەکان لە 4 هۆڵ ئەنجام دەدرێن کە سەرجەمیان پاکژ (تەعقیم) کراون بۆ سەلامەتی قوتابیان و پاراستنیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا سەجەم ڕێگا تەندروستیەکان گیراوەتەبەر، دوێنێش بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە تاقیکردنەوەی یەکەم بەڕێوەچوون.
بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی گووتیشی دوو هۆڵی بۆ قوتابیانی بەشی ئەدەبی و دووی دیکەش بۆ بەشی زانستی .





www.xebat.net
سێشەممە 2020/8/11 ژمارە(5985)
ماسك بەستن
هەواڵی ناوخۆ
7
74
سەرکەوتنی سەدان هاووڵاتی لە تاقیکردنەوەی کۆرۆنا



کاروان محەمەد سینو

(بەشی دووەم)

پارتی ئەو حزبەی هەمیشە پێشمەرگ و پێشرەوە



پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم بەپێی (رێکەوتنامەی ڤەرسای لە 28ی حوزەیرانی 1919) و روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاش ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی لۆزان لە24ی تەمووزی 1923)، ئینجا هاوکات لەگەڵ بونیاتنانی کۆماری تورکیا لە 29ی ئۆکتۆبەر 1923، گەل و میللەتانی کەئەوکات کەچوارچێوەی سنوور و ژێر رکێفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون(وەکو زۆربەی وڵاتانی عەرەب) داوای ماف و ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان کرد. هەڵبەت کوردیش وەکو میللەتێکی خاوەن خاك و گەل و زمان و کەلتوری تایبەت بەخۆی، داوای ئازادی و سەربەخۆیی کرد. لەم سەروبەندەدا و لەمیانەی پەیانی (سیڤەر) کەلە 10ی ئابی 1920 لە نێوان وڵاتانی براوەی جەنگی جیهانی یەکەم و وڵاتانی دۆڕاوی جەنگەکە (ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و ئیمپراتۆریەتی نەمسا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) ئیمزاکرا، بەپێی بەندی 62 و 64ی پەیمانی (سیڤەر) مافی سەربەخۆیی درایە میللەتی کورد کە ریفراندۆم ئەنجام بدەن و داوای سەربەخۆی خۆیان بکەن. بەڵام مشتومڕی لایەنەکانی پەیمانی(سیڤەر) و سازانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێگەی سیاسی و ئابووری و سەربازی خۆیان، مافی مللەتی کورد کرایە کارتی گوشار و سازان لە نێو خۆیان و دواجار لە ئیمزاکراندنی پەیمانی (لۆزان 24ی تەمووزی 1923) وڵاتانی زلهێزی جیهان و لایەنەکان پاشگەز بوونەوە لەو مافەی کورد کە لەپەیمانی (سیڤەر)دا دەستەبەر ببوو. لایەنەکان هەر بەمەش نەوەستان بەڵکو داواتر لەرێکەوتنامەیەکی نهێنیدا (سایکس پیکۆ) تەواوی خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی (عێراق و ئیران و تورکیا و سوریا) دابەشکرد. بەڵام ئازادی خواز و سەربەخۆ خوازانی کورد هەرگیز ملکەچی ئەم واقیعەی جیهان نەبوون و هەرلە سەرەتاوە خەبات و شۆڕش دژ بەم واقیعە سەپێنراوە دەستی پێکرد. هەڵبەت بروسکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە بەهاری 1907 بۆ (باب ئەل عالی) دەوڵەتی عوسمانی لە (ئوستانە) و شەڕی شێخ ئەبدولسەلام بارزانی دژی (نەفیرعامی) دەوڵەتی عوسمانی بەسەرۆکایەتی (محەمەد فازل پاشا داغستانی کۆتای ساڵی 1907) و شۆڕشەکانی شێخ سعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و شۆرشی یەکەمی بارزان لە 9ی کانونی یەکەم 1931و شۆڕشی دووەمی بارزان لە2ی ئۆکتۆبەری1943 و بۆردومانکردبارزان لەلایەن فڕۆکەکانی ئیستیعماری بریتانی و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و دامەزراندنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و هەڵگردنی شۆڕش ئەیلوول و گوڵان بەسەرۆکایەتی مستەفا بازرانی، ئەمانە چەند نموونەیەکن لە شۆڕش و بەرخودان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی میللەتی کورد.

پوختەیەک دەربارەی کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

کۆنگرەی یەکەم :

کۆنگرەی دامەزراندن پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا (16/8/1946) لە ماڵی سەعید فەهیم بەسترا.

دەستەی دامەزرێنەری (پارتی) ساڵی (1946) لەمانە پێکهاتبوون:
1. هەمزە عەبدوڵڵا
2. میرحاج ئەحمەد
3. نوری ئەحمەد تەها
4. مستەفا خۆشناو
5. محەمەد مەحمود قودسی
6. خەیروڵڵا عەبدولکەریم
7. عیزەت عەبدولعەزیز

ئەو بەڕێزانە بێجگە لە (هەمزە عەبدوڵڵا) لەو ئەفسەرانەبوون کە وازیان لە (حزبی هیوا) هێنابوو و چووبوونە نێو ریزەکانی شۆڕشی (بارزان) بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و بە (لیژنەی ئازادی) دەناسران.

دەستەی دامەزرێنەر بە سەرۆکایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی پارتییان بە پێی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردستانی (عێراق) ئامادەکرد.لەکۆتای مانگی شوبات (بەهار ساڵی 1946) لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ (پارێزەر هەمزە عەبدوڵڵا، نەقیب میرحاج ئەحمەد،عەقید روکن عزەت عەبدولعەزیز،نەقیب مستەفا خۆشناو، نەقیب خەیروڵڵا عەبدولکەریم، مەلازم محەمەد مەحمود قودسی و مولازم نوری ئەحمەد تەها) مەلاستەفا بارزانی بڕیاریدا کە (هەمزە عەبدوڵڵا) ڕەوانەی کوردستانی (عێراق) بکرێ، بۆ پەیوەندیکردن بە چینی ڕۆشنبیر و نوێنەرانی حزبە سیاسییەکانی ئەوکات لە کوردستانی (عێراق)، بە مەبەستی دامەزراندنی حزبێکی پێشرەو، کە بتوانێت سەرکردایەتیی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بکات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی کورد و تەواوی خەڵکی کوردستان لە ئازادی و دیموکراسی و مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد لە (عێراق)دا.

ڕۆژی (16) ی ئابی ساڵی (1946) کۆنگرەی یەکەمی پارتی بە شێوەیەکی نهێنی لە (بەغدا) لە ماڵی (سەعید فەهیم) بە ئامادەبوونی نزیکەی (70) نوێنەر بەسترا، کە نوێنەرایەتیی حزبی شۆڕش و رزگاری یان دەکرد.
پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی حزب لەلایەن کۆنگرەوە پەسەندکراو حزبی نوێ ناوی لێنرا (پارتی دیموکراتی کورد) کە دواتر ناونرا پارتی دیموکراتی کوردستان و بە (پارتی) نازناوکراوە.

سەرکردایەتی پارتی بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:
1. مەلا مستەفا بارزانی: سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد.
2. شێخ لەتیف شێخ مەحمود جێگری (یەکەمی) سەرۆك.
3. کاکە زیادی کۆیە: جێگری (دووەمی) سەرۆك.

کۆمیتەی ناوەندی:
1.هەمزە عەبدوڵڵا
2. میرحاج ئەحمەد
3. جەعفەر محەمەد کەریم
4. عەلی عەبدوڵڵا
5. سالح یوسفی
6.عەبدولکەریم تۆفیق
7. ڕەشید عەبدولقادر
8. ڕەشید باجەلان
9. مەلاسەید حەکیم خانەقینی
10. عەونی یوسف
11. تەها محیەددین مەعروف
12. هەروەها (عەبدولسەمەد محمەد)یش بە ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردرا.

مەکتەبی سیاسی:
1.پارێزەر هەمزە عەبدوڵڵا بوو بە سکرتێری حزب.
2. دکتۆر/جەعفەر محەمەد کەریم
3. عەلی عەبدوڵڵا
4.عەبدوالکەریم تۆفیق
5. ڕەشید عەبدولقادر

بڕیاردرا ڕۆژنامەی (رزگاری) کەپێشتر زمانحاڵی (حزبی رزگاری) بوو، ببێت بە ئۆرگان و زمانحاڵی (پارتی).
کەرەستە و کەلوپەلەکانی هەردوو (حزبی شۆڕش و رزگاری) ڕادەستی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی (پارتی) کران. لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ چارەنووسی گەلی کورد بە چارەنووسی پارتی گرێدراوە و لەو ڕۆژەوە تاکو ئەمڕۆ پارتی و بنەماڵەی سەربەرزی بارزانی رێبەری و پێشرەوی بزاڤی رزگاری خوازی کورد و خەڵکی کوردستان دەکەن و لەم رێگەیەدا چەندین قوربانی و گیانفیداییان بەخشیوە. گەرچی لەم سەردەمەدا چەندین حزب و رێکخراوی سیاسی دیکە لە گۆڕەپانەکەدا هەن، بەڵام (پارتی) پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبی دایك و قوتابخانەیەکی دێرینترینی حزبی سیاسی و نەتەویی لە سەرانسەری عێراق و کوردستان بە رابەرایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) و ماڵباتی سەربەرزی بارزانی پێشرەوایەتی خەباتی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستانی کردووە و هەمیشە و لە هەموو بارودۆخێکدا پارتی و سەرکرایەتی پارتی کاریزما و ڕۆڵ و سەنگی جەماوەریی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە هەموو بارودۆخێکدا ئامادەی قوربانی و گیانفیداییان لە پێناوی کورد و تەواوی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژ و نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانی کوردستان و هەردەم لە سەنگەری بەرگریدان و هەرگیز سازشیان لەسەر مافەرەواکانی خەڵکی کوردستانیان نەکردووە.

کۆنگرەی دووەم :

(بەغدا) سەرەتای مانگی/3/ 1951 لە ماڵی عەلی حەمدی بەسترا.

ئەم کۆنگرەیە لە مانگی (ئادار)ی ساڵی (1951) لە (بەغدا) لە ماڵی (عەلی حەمدی) بەسترا بە ئامادەبوونی نزیکەی (30) نوێنەری لق و ناوچەکانی (پارتی). شایانی باسە لەم قۆناغەدا (دوای نسکۆی کۆماری کوردستان لە مهاباد) جەنابی مستەفا بارزانی و 500لە هەڤاڵانی پەنابەری سیاسی بوون لە روسیا (یەکێتی سۆڤیەتی جاران)، بەڵام جەنابی بارزانی لەڕێگەی کەسانی دڵسۆز و متمانە پێکراو هەردەم لەپەیوەندی بەردەوام دابوو لەگەڵ دەستەی سەرکردایەتی سیاسی (پارتی) و لەکات و بارودۆخی پێویستتدا فەرمان و ڕێنمایی پێویست ئاراستەی دەستەی سەرکردایەتی پارتی دەکرد.
لەپاش توێژینەوەی بارودۆخی (پارتی) لەرووی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی حزب. بڕیار درا بەرپرسیارێتی حزبی بە سکرتێر و ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو نەدرێت، ئەوەش بە رەزامەندیی خۆیان بوو.

هەروەها بڕیاردرا کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ بەم شێوەیە پێکبێت:
1. ئیبراهیم ئەحمەد
2. نوری شاوێس
3. جەلیل هوشیار
4. عومەر مستەفا
5. حەمەدئەمین مستەفا
6. بەکر ئیسماعیل.

ئەم کۆنگرەیە بە سەرپەرشتی ئەم ناوانەی سەرەوە بە بێ سکرتێر و مەکتەبی سیاسی کارەکانیان بەڕێوە دەبرد تا کۆنگرەی سێیەم. ئەرکی سەرەکی ئەم کۆمیتە ناوەندییە نوێیە، پێداچوونەوە بە پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی حزب بوو بە ڕاوێژکردن لەگەڵ سکرتێر و کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو، هەروەها کاریانەکرد کە ڕێگە خۆشبکرێت بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم.
سەرکردایەتی حزب سەرلەنوێ لق و ناوچەکانی ڕێکخستەوە و چەند بەیاننامەیەکی تایبەتیان دەرکرد دەربارەی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و هەڵوێستی حزب بەرانبەر هەردوو جەمسەری(سۆشیالیستی) و (سەرمایەداری) کە ئەوکات ئەم دوو جەمسەرە فۆرمەڵەی سیاسی و عەسکەری و دیپلۆماسی و جوگرافیای سیاسی جیهانیان دادەڕشت و ئیدارەدەدا.

کۆنگرەی سێیەم :

کەرکوك (26/1/1953)

لەدوای تەواوبوونی ئەرکی کۆمیتەی ناوەندی کە تایبەت بوو بە پێداچوونەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ، کە لە کۆنگرەی دووەم ئەو ئەرکەی پێ سپێردرابوو. ڕۆژی (26/1/1953) لە بارودۆخێکی گرژ و سەختدا کۆنگرەی سێیەم لە شاری (کەرکوك) بەئامادەبوونی (35-40) نوێنەری حزب بەسترا.
گرنگترین بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە ئەم خاڵانە بوون:
1. گۆڕینی ناوی حزب لە (پارتی دیموکراتی کورد) بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان).
2. گۆڕینی ناوی ئۆرگانی حزب لە (رزگاری) بۆ (خەبات).
3. دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییە دیموکراسییەکان وەك (قوتابیان و لاوان).

لەم کۆنگرەیەدا سەرکردایەتی بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:
1.مەلا مستەفا بارزانی (سەرۆك)
2. ئیبراهیم ئەحمەد
3. جەعفەر محەمەد کەریم
4. میرحاج ئەحمەد





چرکەساتی گەرانەوەی مستەفا بارزانی لە روسیا (بەکێتی سۆفێتی جاران) - بەغدا، فڕۆکەخانەی (ئەل موسەننا) 6ی10ی1958، ژمارەیەکی زۆری بەرپرس و خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و نەتەوەکان لە پێشوازی مستەفا بارزانیدابوون و وەکو پاڵەوانێکی نیشتیمانی کوردستانی و عێراق پێشوازی لێ کرا.
لە ئەرشیفی/کاروان محەمەد سینو

کۆنگرەی پێنجەم :

بەغدا سەرەتاکانی 5/5/ 1960

نێـوان هـەردوو کۆنگـرەی چـوارەم و پێنجـەم لـە هەشـت مانـگ تێنەدەپـەڕی، بـە کورتتریـن مـاوە دادەنرێـت لـە نێـوان کۆنگرەکانـدا، بەسـتنی کۆنگـرەی پێنجـەم کـە لـە (ئایـار)ی سـاڵی (1960) دا بەڕێوەچـوو، لـە ئەنجامـی ڕووداو و پێشـهاتی گرنـگ نەبـوو، بەڵکـو تەنهـا هۆیـەك بـوو بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە یاسـای (کۆمەڵـەکان) کـە لـەو سـاڵەدا ڕاگەیەنـرا و داوا لەگشـت حـزب و کۆمەڵـەکان کـرا داواکاریـی فەرمـی پێشـکەش بـە وەزارەتـی ناوخـۆ بکـەن بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی مۆڵەتنامـەی چالاکیـی سیاسـی و بـۆ دارشـتنی بابەتەکـە بەشـێوەیەکی یاسـایی دەسـتەی دامەزرێنـەری (پارتـی) داواکاری خـۆی پێشـکەش بـە حکومەتـی (عەبدولکەریـم قاسـم) کـرد و پـاش ماوەیەکـی کـەم ڕەزامەنـدی وەرگیـرا.

دوای کۆتایـی هاتنـی کارەکانـی لیژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرەی پێنجـەم، لـە سـەرەتاکانی مانگـی (ئایـار/1960) لـە بـارەگای ئـەو کاتـی (حـزب) لـە (بەغـدا) بەسـتراو بەکـۆی دەنـگ (مـەلا مسـتەفا بارزانی)یـان بـە سـەرۆکی پارتـی هەڵبـژارد، لـە نێـو ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی، بـۆ یەکەمجـار ئافرەتێـك بـوو بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی کـە ناهیـدە شـێخ سـەلام بـوو.

کۆمیتەی ناوەندیش بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:
1. ئیبراهیم ئەحمەد
2. نوری شاوێس
3. عەلی عەبدوڵڵا
4. عومەر مستەفا
5. سالّح یوسفی
6. عەونی یوسف
7. ناهیدە شێخ سەلام
8. جەلال عەبدولڕەحمان
9. ئەحمەد عەبدوڵڵا ئامێدی
10. هاشم ئاکرەیی
11. عەبدوڵڵا ئیسماعیل
12. عەلی حەمدی
13. عەلی عەسکەری
14. دکتۆر مۆراد



15. حلمی عەلی
16. سەید عەزیز شەمزینی
17. نوری ئەحمەد تەها
18. جەلال تاڵەبانی

ئەندامانی مەکتەبی (سیاسی)ش بەم شێوەیە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردران:
1. ئیبراهیم ئەحمەد
2. نوری شاوێس
3. دکتۆر مۆراد
4. سەید عەزیز
5. عەلی عەبدوڵڵا

کۆنگرەی چوارەم :

4/10/1959 بەغدا

مـاوەی نێـوان کۆنگـرەی سـێیەم و کۆنگـرەی چـوارەم، چەندیـن ڕووداوی گرنـگ لـە ئاسـتی نێوخـۆ و (عێـراق)دا ڕویـدا، گرنگترینیـان شۆڕشـی (14) ی گەلاوێـژ و گەڕانـەوەی بارزانیـی و هەڤاڵانـی بـوو بـۆ نیشـتمان.

دوای ئـەوەی لیژنـەی ئامـادەکاری ئەرکەکانـی خـۆی تـەواو کـرد، ڕۆژی (4)ی (تشرینی یەکـەم) ی سـاڵی (1959) لـە (بەغـدا) لـە ماڵـی (کاکـە زیـاد) بـە ئامادەبوونـی (مـەلا مسـتەفا بارزانـی) کۆنگـرەی چوارەمـی (پارتـی) دەسـتی پێکـردوو لـە (7)ی ئـەو مانگـە کۆتایـی بـە کارەکانـی هێنـا.

بەم شێوەیە سەرکردایەتی هەڵبژێردرا:
1. مەلا مستەفا بارزانی (سەرۆك)
2. ئیبراهیم ئەحمەد (سکرتێر)
3. نوری شاوێس
4. عەلی عەبدوڵڵا
5. عومەر مستەفا
6. جەلال تاڵەبانی
7. ئەحمەد عەبدوڵڵا ئامێدی
8. عەونی یوسف
9. سەید عەزیز شەمزینی
10. نوری ئەحمەد تەها
11. دکتۆر مۆراد
12. عەبدوڵڵا ئیسماعیل

لـەم کۆنگرەیـەدا بـۆ یەکەمیـن جـار (لیژنـەی چاودێـری و پشـکنین) هەڵبژێـردرا.

1. نوری شاوێس
2. عەلی عەبدوڵڵا
3. عەلی حەمدی
4. جەلال تاڵەبانی
5. عومەر مستەفا
6. عەونی یوسف
7. نوری ئەحمەد تەها
8. ڕەشید عەبدولقادر
9. حەمەدئەمین مەعروف
10. مەعروف جەلیل هۆشیار

ئەندامانـی مەکتـەب (سیاسـی)ش بـەم شـێوەیە لـە لایـەن ئەندامانـی لیژنەی مەرکـەزی هەڵبژێـردران:
1. ئیبراهیم ئەحمەد (سکرتێری حزب)
2. نوری شاوێس
3. عەلی عەبدوڵڵا
4. عومەر دەبابە



خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ژمارە (1) شەمو 4 نیسان 1959 سال (1)

لە ئامانجەکانمان

(خەبات) لەم ڕۆژەدا دەرئەچێت بۆ ئەوەی سیاسەتی یاڕای دیموکراتی بەکانوونی کوردستان دەربڕێت ، ئەو ڕاڕەیەمان گەیەنێ، کەوەڵامی خەڵکی کامڵ لە کوردستانی عێراقدا ئەدا بەڕووی زەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دڕندەیی ، وە لەبنیادی دیموکراسی و سەربەخویی ژیانەقیتەی عـراق و تانـیـدا ، بەدەردەم لە هەڵگرتنی ئاڵای ئازادی ئەوانەی بۆ ئەوەی کورد و ئەو نەتەوەیەی لیستاش لە ژێر باری زۆر و چەوسانەوەدا دایە لە تورکیا و ئیران و سوریا .

ڕابەرێنی سەرئایاڵی کۆمەڵای کامڵی کورد بە سەرکردەیی پارتیمان بۆ بیتسوانی گردنی شۆڕشی چواردەی تەموزی ئەمرۆی ئەم ، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە هەمو شوێنێکدا گێژ کرد ، ئەو پێشوانیەی بەدەگمەنێی پەیدا کرد لە کامڵ هەمو کۆمەڵای خەڵکی عەرەب و تورکومان و سریای دارهاتی عێراقدا خۆی دەرخست بۆ ڕوخاندنی پاشایەتی و هۆکمی یەکی ئێرەقی ئیمپریالیزم و لە بیناوی چەمەوریەت و دیموکراسی و سەربەخۆییدا ... لە کامڵ هەرەتی و کوردی و هەمو نیشتمانیە دلسۆزەکانی تورکمان و ئەوەشەوە لە پێشڕەوی گردنی ئەوا ئیمەی ڕاستی کامڵ ئەبینن .

حیزبەکەمان کـە ئیـی پێشڕەوی کەلی کوردە لـەم کۆڕی شەمەدا هەروا ئەبینێتەوە تا دوایی چونکە ئێستەکەش هەروەك لە سەردەمی ڕژیمدا نیکوشاوە لە بیناوی حکومەتێکی نیشتمانیدا و لە بیناوی دیموکراسیدا بۆ عراق وە لە سەر خەباتی خۆی ئەروات بۆ چەسپاندنی ئەو دوو ئامانجەی کە بە سەر هاتی ئەمەوە ئازادیەوەکان و شۆرشە کومەڵایەتیە سەرکەوتوەکان دەڵێ خستوە بتەوترین بنکەی دروست کردن بۆ ژیانێکی ئازاد و بەختیار بۆ گەل .

کەواتە (خەبات) لە ڕیزی چەمەوریەتی ئازاد بۆی عیراقدا ئەوستێت ، ئەی بارێزێت ، خۆی لـە بیناویا بەخت ئـەکات ، ئی ئەگوشێت بۆ هێنانەدی هەمو ئامانجەکانی شۆڕشی تیشتمانی جواردەی تەموز ، ڕاستگۆ لە دەربڕینی سودی گەلی عیراق .


(خەبات) ئی ئەگوشێت بۆ ئەوەی دەسـەڵات (سلطة) بابەتەکـە بەشـێوەیەکی یاسـایی دەسـتەی دامەزرێنـەری (پارتـی) داواکاری خـۆی پێشـکەش بـە حکومەتـی (عەبدولکەریـم قاسـم) کـرد و پـاش ماوەیەکـی کـەم ڕەزامەنـدی وەرگیـرا.

دوای کۆتایـی هاتنـی کارەکانـی لیژنـەی ئامـادەکاری کۆنگـرەی پێنجـەم، لـە سـەرەتاکانی مانگـی (ئایـار/1960) لـە بـارەگای ئـەو کاتـی (حـزب) لـە (بەغـدا) بەسـتراو بەکـۆی دەنـگ (مـەلا مسـتەفا بارزانی)یـان بـە سـەرۆکی پارتـی هەڵبـژارد، لـە نێـو ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی، بـۆ یەکەمجـار ئافرەتێـك بـوو بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی کـە ناهیـدە شـێخ سـەلام بـوو.



رزگاری
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد

دەزگای خێرخوازیی بارزانی فریادڕەسێک بۆخەڵکی لێقەوماو



وەیسی سەعیدوەیسی

دەزگای خێرخوازیـی بارزانـی کە15سـاڵ بەرلەئێسـتا لەڕێکەوتـی 4/8/2005 وەك فریادڕەسـی خەڵکـی لێقەومـاو و بـێ دەرامـەت بەپاڵپشـتی بەڕێـز مسـرور بارزانـی دامـەزرا.

لەمـاوەی کارکردنیـدا سـەلماندی ئەزموونێکـی سـەرکەوتووی کاری خێرخوازییـە لەهەرێمـی کوردسـتان .

ڕۆڵـی دیـار و بەرچـاوی بینـی لەئەنجامدانـی چەندیـن پـرۆژەی گـەورەی خێرخـوازی و مرۆڤدۆسـتی هـەر لـە چیـای شـنگالەوە تـا بـەسـرە و ناوخاکـی سـوریا و تورکیـا و یۆنـان و سربیـا جگـە لەچەنـدان پـرۆژەی تـر لەیارمەتیدانـی لێقەوماوان و نـەداران و ئـاوارەکان کـە هەرئەمـەش ئامانجـی سـەرەکی دامەزراندنـی بـووە کـە دەزگای خـەڵ لکـی کوردسـتان بێـت .


بەدڵنیاییـەوە هـەر ئـەم جـۆرە هەڵوێسـت و خزمەتانـە لـەم دەزگایـە بـەدی دەکرێـت کـە هەڵگـری نـاوی پیـرۆزی (بارزانی)یـە، چونکـە چـۆن لەبـواری نەتەوەیـی و نیشـتمانی و پاراسـتنی ژینگـە و مافـی ئافـرەت پێشـەنگ بووینـە ئـاواش لـەکاری خێرخـوازی و مرۆڤدۆسـتیشـدا هـەر پێـشـرەو دەبـن کـە لەفەلسـەفەی ڕێبـازی «بارزانـی»دا خزمەتـکاری خەڵـك و میللـەت بەگەورەتریـن شـانازی دانـدراوە .

مایـەی دەستخۆشـی و ستایشـە لـەم قۆناغـەی کـە لـە کوردسـتاندا هاتۆتـە ئـاراوە بەهـۆی دڕێژەکێشـانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا و دابەزینـی نرخـی نـەوت و کەمبوونـەوەی سـەرچاوەی داهـات، دەزگای خێرخوازیـی بارزانـی بەشـاهیدی دامـودەزگای مرۆڤـی نەتەوەیەکگرتـووەکان و نـاوەوەی کوردسـتانیش بووەتـە جێـگای ئومێـد و هیـوای لێقەومـاوان و کەمدەرامەتـەکان کـە بەبـێ جیاوازیـی ئایینـی و نەتەوەیـی و بیـروڕای سیاسـی بەدەمیانـەوە دەچێـت. لەمـەش گرنگتـر متمانـە و بـڕوای لایەنـە بەخشـندەکانە بـەم دەزگایـە. تەنانـەت توانیویەتـی نوێنەرایەتـی گەلـی کوردسـتانیش بـکات لەکەیسـی مرۆڤیـدا لـەدەرەوەی وڵاتـدا، بۆیـەش بـە فەرمـی لەلایـەن کۆمیسـیۆنی ڕێکخـراوە خێرخوازییەکانـی بەریتانیـا مۆڵەتـی کارکردنـی بەدەسـت هێنـا.

ئـەوەی لەمـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بینیـمان لەکارەخێرخـوازی و مـرۆڤ دۆسـتییەکانیان مایـەی دەستخۆشـی و ستایشـە بەتایبەتیـش لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا کـە بەبـێ جیـاوازی هـاوکاری و یارمەتـی کوردسـتانیان دا، شـتێکی دڵخۆشـکەر بـوو بەکـردەوە سـەلماندیان شایسـتەی هەڵگرتنـی نـاوی پیـرۆزی بارزانیـی نەمـرە.

لەسـاڵیادی دامەزراندنیـدا دەستخۆشـی لەسـتافە ماندوونەناسـەکەی دەزگای خێرخوازیـی بارزانـی دەکەیـن و ئومێـدی بەردەوامییـان بۆدەخوازیـن ... خوای گەورە پشت و پەنا و یارمەتیدەریان بێت.

74 ساڵ سەرکەوتن و نشێوی ئیرادەو هێزی پارتیمان بااڵتربوو



نیان ئەحمەد

هەمـوو سـاڵێك لـە 16 ئـاب یـادی دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پیـرۆز دەکرێت،لەمـاوەی ئـەم 74 سـاڵە پارتیـمان بەهـەورازی سـەخت و نشـێو و بـەرزی و نزمـی و ڕۆژانـی سـەخت و پیلانـی هەرێمایەتـی و نیودەوڵەتـی نێوخۆییدا تێپەڕیـوە، لەهـەر نسـکۆیەکدا پارتیـمان لەئەنجامـی پیلانگێـڕی نەیارانـی، پارتـی بەهێـزەوە هەسـتاوەتەوەو هەنـگاوی بەوێرانـەو ئەزمونـی لەنسـکۆ وەرگرتـووە دەسـتکەوتی باشـی بەدەسـت هێنـاوە،74 سـاڵ تەمـەن کـەم نیـە بـۆ حزبێـك کەسـاڵ بەسـاڵ و ڕۆژ بـەڕۆژ لەپێشـکەوتن و سـەرکەوتن بەردەوامبێـت و خۆڕاگـر و بـەردەوام بێت،بناغـەی پارتـی لـە سـاڵی 1946 وە دەسـتی پێنەکردوە،بەڵکـو پێشـینەیەکی پتـەو ئەزمـون و لەفەزایـی بەرگـری و نیشـتمان پـەروەری ڕەگـی خـۆی داکوتـاوە تابووبـە حزبێکـی نیشـتمانی و دیموکراتی،هەمـوو کوردسـتانیانی لەڕێـر چەتـری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کۆکـردەوە هـەر لـە زاخـۆوە تـا خانەقیـن و مەندەلی،جگـە لـەوەی پەلـی هاویشـتووەتە نـاو پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان هاوسـۆزو هاوکاریـان بووە،بنەماڵـەو شـێخانی بـارزان قوربانـی زۆریـان داوە لەسـەدەکانی 19 وە وەك بنەماڵەیەکـی ئاینـی دیـار سـەرداری دەڤەڕی بـارزان بەرگریـان لـە ناوچەکـەی خۆیـان کـردوە لانـەی لێقەومانـان و هـەژار و غەدرلێکراوبـوون، لـە باوکی ڕەحمەتـی مەلاسـتەفای بارزانـی نەمـرو شـێخ محمـد پاشـان بـۆ شـێخ عبدوسـەلامی بـارزان کەلەسـەر هەڵوێسـتی کوردایەتـی بەرگـری لـە مافەکانـی نەتـەوەی داهـات، دەزگای خێرخوازیـی بارزانـی بەشـاهیدی دامـودەزگای مرۆڤـی نەتـەوەیەکگرتـووەکان و نـاوەوەی کوردسـتانیش بووەتـە جێـگای ئومێـد و هیـوای لێقەومـاوان و کەمدەرامەتـەکان کـە بەبـێ جیاوازیـی ئایینـی و نەتەوەیـی و بیـروڕای سیاسـی بەدەمیانـەوە دەچێـت. لەمـەش گرنگتـر متمانـە و بـڕوای لایەنـە بەخشـندەکانە بـەم دەزگایـە. تەنانـەت توانیویەتـی نوێنەرایەتـی گەلـی کوردسـتانیش بـکات لەکەیسـی مرۆڤیـدا لـەدەرەوەی وڵاتـدا، بۆیـەش بـە فەرمـی لەلایـەن کۆمیسـیۆنی ڕێکخـراوە خێرخوازییەکانـی بەریتانیـا مۆڵەتـی کارکردنـی بەدەسـت هێنـا.

ئـەوەی لەمـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بینیـمان لەکارەخێرخـوازی و مـرۆڤ دۆسـتییەکانیان مایـەی دەستخۆشـی و ستایشـە بەتایبەتیـش لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا کـە بەبـێ جیـاوازی هـاوکاری و یارمەتـی کوردسـتانیان دا، شـتێکی دڵخۆشـکەر بـوو بەکـردەوە سـەلماندیان شایسـتەی هەڵگرتنـی نـاوی پیـرۆزی بارزانیـی نەمـرە.

لەسـاڵیادی دامەزراندنیـدا دەستخۆشـی لەسـتافە ماندوونەناسـەکەی دەزگای خێرخوازیـی بارزانـی دەکەیـن و ئومێـدی بەردەوامییـان بۆدەخوازیـن ... خوای گەورە پشت و پەنا و یارمەتیدەریان بێت.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٩٩٥٩٤٥ بەروار ٢٠١٧/٧/١٨ بەبڕی ٢٥٠٠٠٠ بەناوی عطیە عمر احمد وون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای عبدالله کریم فتاح جۆری ئۆتۆمبێل تویوتا کامیری ڕەنگ ڕەش مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٦٣٨٤ کاتی دهوك ژمارەی شاصی ٤T1B11HK2JU110555 وون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای نیگای گەرمیان جۆری ئۆتۆمبێل مارسدس اکتروس دیل کابینە تاك ویل سەرکە تریلە ڕەنگ سپی مۆدێل ٢٠١٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٨٤٦ کاتی دهوك ژمارەی شاصی WDB9340321L7592238 وون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر/ ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/٣٦٠٦ ڕێکەوت/٢٠٢٠/٨/٩

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٣/١٤١ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفڕۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار سربست بایز عباس کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هاشم احمد جاسم بەبڕی/ ٤٨٠,٠٠٠ $ دۆلار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە. جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ - شوێن و ژمارەی/ ٣٣/١٤١ ك ٤٥ وارش

٢ - ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ - پێکهاتەکەی/ زەوی بەتاڵ

٥ - ڕووبەرەکەی/ ٢ دۆنم و ٧ ئۆلك و ٩ متر و ١٤ سم

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ زەوی بەتاڵ

٨ - نرخی قرساو/ ٣,٣٣٢,٢٤٢,٠٠٠ سێ ملیار و سێ سەدو سی و دوو ملیۆن و دوو سەدو چل و دوو هەزار دینار.

* * *

دادگای باری کەسی خەبات

ژمارە:٢٤٧/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/٥

جاردان

بۆ داوالێکراو (مثنی دحام خشم) کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە

ئاماژە بە داوای ژمارە (٢٤٧/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (زهراء عبدالالە مجید) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (تصدیق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە دەلالەتی داواکار بۆیە ئەم دادگا بڕیاری دا لە بەرواری (٢٠٢٠/٨/٥) بەپێی ڕاگەیاندنت بە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکاردارت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەڕۆژی دادگایی ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٦) کات ژمێر ٩ی بەیانی بە بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ مسعود سعید صدیق

* * *

دادگای باری کەسی خەبات

ژمارە:٢٥٩/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/٥

جاردان

بۆ داوالێکراو (ریان صبحی احمد) کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە

ئاماژە بە داوای ژمارە (٢٥٩/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (هند عبدالبجار) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (حضانة) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە دەلالەتی داواکار بۆیە ئەم دادگا بڕیاری دا لە بەرواری (٢٠٢٠/٨/٥) بەپێی ڕاگەیاندنت بە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت ڕەوانە بکەی لەڕۆژی دادگایی ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٦) کات ژمێر ٩ی بەیانی بە بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ مسعود سعید صدیق

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر/ ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/١٤٩٤ ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٠

ئاگاداری

بۆ (TEAM PRO IRAQ)

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بۆیە بەپێی ماددیە (٢٧) لەیاسای تێجەکردن بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناخۆوە پێت ڕابگەیەنین لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە نامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دانەوەی قەرزی (المدیر المفوض لشرکة کاریز لومنسیکس) کە بڕی (٢١٩,٤٨١,١١٠) ملیون دینارە. ئەگەنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە: ٥٦٦/ش/٢٠٢٠/٥

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٠

جاڕدان

بۆ داوالێکراو: دلشاد خورشید رشید شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (ڕێزان سلیم خالد) داوای ژمارە (٥٦٦/ش/٢٠٢٠/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تفریق) دەکات، وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٨/٢٣) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە:٩٠٥/ب/٢٠٢٠/٢

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/١٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (یاسین عمر کریم)

داواکار (عبدالله قادر طه) داوای ژمارە (٩٠٥/ب/٢٠٢٠/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (یاسین عمر کریم) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری دووەمی (هەولێر/ صلاح الدین) لە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠٢٠/٩/٦) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت. بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ قباد شیرزاد نوری

* * *

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارە: ٢١١٦/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/٩

داواکار: سەرباز محمد عبدالقادر و هاوبەشەکانی

داوالێکراو: نێرگز کمال صدرالدین

شوێنی مولك: هەولێر - پشت نەخۆشخانەی پار

ژمارەی مولك: (٣٥٨/٨٥٢) کەرتی ٤٥ وارش

پێکهاتووەکان: زەوی بەتاڵ

ڕووبەر: ٩٦٠ م٢

نیشتەجێ: خانوویەکی بەتاڵ

نرخی خەملاندن:٦٧٢,٠٠٠,٠٠٠ شەش سەدو حەفتاو دوو ملیۆن دینار

ئەم دادگایە بریاریدا بەفرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە و دووبارە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارە: ٢١١٨/ب/٢٠١٩/١

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/٩

داواکار: سەرباز محمد عبدالقادر و هاوبەشەکانی

داوالێکراو: نێرگز کمال صدرالدین

شوێنی مولك: هەولێر - گەرەکی وەزیران

ژمارەی مولك: (٩/٧١٢) کەرتی ٤٤ وارش

پێکهاتووەکان: زەوی بەتاڵ

ڕووبەر: ٦٠٠ م٢

نیشتەجێ: خانوویەکی بەتاڵە

نرخی خەملاندن:٨١٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشت سەدو دە ملیۆن دینار

ئەم دادگایە بریاریدا بەفرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە و دووبارە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

* * *

ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر

ژمارە: ٢١١٧/ب/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/٩

داواکار: سەرباز محمد عبدالقادر و هاوبەشەکانی

داوالێکراو: نێرگز کمال صدرالدین

شوێنی مولك: هەولێر - گەرەکی موفتی نزیك بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر

ژمارەی مولك: (١٢/٧٣) کەرتی ٤٦ وارش

پێکهاتووەکان: خانوویەکی یەك نهۆمی لەسەر دروستکراوە و پێکهاتووە لە ٣ ژوورو هۆڵ و متبخ و حمام مرافق/ خانوویەکی کۆنە

ڕووبەر: ٤٨٠/٢٥ م٢

نیشتەجێ: خانوویەکی بەتاڵ

نرخی خەملاندن:٢٨٨,١٥٠,٠٠٠ ١٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار نرخی پێك هاتەکان

کۆی گشتی ٣٠٠,١٥٠,٠٠٠ سێ سەد ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار.

ئەم دادگایە بریاریدا بەفرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە و دووبارە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٦٢٦

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٩

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دۆل) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٦٢٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٩

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (السعة) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت



عود بەپاشای ئامێرە میوزیکییەکان دادەنێم

روان عەدنان جەمال: پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێوان هەستی مرۆڤ و میوزیکدا هەیە





کارەکانی پێشوو کاری باش و ڕۆحی بوون، پڕ لەهەستْ بوون، بەڵام ناکرێتْ کارەکانی ئەم سەردەمەش سفر بکەینەوە

کۆڕۆنا لەقەیرانی دارایی زیاتر کاریگەری لەسەر بواری هونەر میوزیک هەبووە

ئەو پەیوەندییەوە میوزیک مرۆڤ دەبەستێتەوە بەبیرەوەری و ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەکان و ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەو پارچە میوزیکە کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر ناخی مرۆڤەکە. تۆ چۆن دەتەوێ بەپارچە میوزیکێک دڵی ئەو کەسە خۆش بکەی، دەشتوانی بەهەمان میوزیک و هەمان ئامێر ئەو مرۆڤە بگێڕیتەوە بۆ ڕۆژگارێکی تاڵ و نێو کۆمەڵێک بیرەوەری ناخۆش و دڵ تەنگی بکەیت. بۆ وەڵامی زیاتری ئەو پرسیارە گوتی: ئێمە کۆمەڵێک جۆری مقامان هەیە،هەیە شادی بەخشە، هەیە بەپێچەوانەوە،هەیە بۆ دڵنەواییە... هتد بۆیە ئەوە دەگێڕمەوە بۆ سەر چۆنیەتی ژەنینی ژەنیارەکەو ئەو جۆرە هەستە دەداتە گوێگر.

(میوزیک و ناسنامە)

لەوڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بەمیوزیکی کوردی و ناساندنی بەوڵاتاندا ڕوان عەدنان دەڵێت: وەک چۆن شانازی بەنتەوەو ئاڵا و وڵاتی خۆمان دەکەین،ئاواش شانازی دەکەین بەمیوزیکەکەمان بەشەکانی دیکەی هونەربەهەموو بوارەکانەوە،هونەر و میوزیکیش بەشێکە لە ناساندنی گەلان بەدونیادا و ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە،ئێمە گەر بمانەوێت وڵاتمان پێش بخەین، دەبێ هونەرەکەشمان شان بەشانی بوارەکانی دیکە پێش بخەین،ڕەنگە ئەوەی لەڕێگەی میوزیک و هونەر دەکرێت بۆ ناساندنی میللەتەکەمان لەبوارەکانی دیکەدا نەکرێت. بۆ ئەوەش خۆم وەک میوزیک ژەنێک بەئاڵا و جل و بەرگی کوردی بەژداریم لەچەندین چالاکی و کاری هونەری کردووە و پێمان سەرسام بوون. زۆربەی هونەرمەندانی دیکەش بەهەمان شێوە توانیویانە کار بۆ ناساندنی هونەری کوردی بکەن.

(قەیران و کۆڕۆنا)

لەبەشێکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات، ڕوان عەدنانی میوزیک ژەن ئاماژەی بەو دۆخە داراییەدا کە کاریگەرییان لەسەر بواری هونەریش هەبووە وەک بوارەکانی دیکەی ژیان،ئەوەش وایکردووە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو کارەهونەرییەکان جۆرێک لەسستیان پێوەدیاربێت. گوتیشی: لەگەڵ هەموو ئەم قەیرانانەدا بەڵام هونەرمەندان بەردەوام توانای خۆیان بەکارهێناوە و کەم تازۆر هەوڵیانداوە چالاکی و کارە هونەرییەکانیان ڕانەگرن و بەردەوام بن لەخزمەتکردن بەهونەرەکەیان. جیا لەقەیرانی دارایی ئاماژەی بەقایرۆسی کۆرۆناش کرد کە کاریگەری لەقەیرانی دارایی زیاتر هەبووە لەسەر بواری هونەر و تەواوی بوارەکانی ژیان لەجیهاندا . بۆ ئەوەش گوتی: بەهۆی بەرکەوتەوە هەرچی کاری هونەری و شەو ئاهەنگ و لایڤ میوزیک هەیە هەموو وەستاوە،هەرچی کارو چالاکی هونەری هەیە ڕاگیراوە.دەخوازێت هەرچ زووە ئەم بەڵایە لەکۆڵ جیهان و مرۆڤایەتییەوە بێتەوە و دووبارە ژیان بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

دیمانە: هێمن ئاری

میوزک ژەن ڕوان عەدنان جەمال، کوڕی گەورە هونەرمەندی کۆچکردووی شاری هەولێر عەدنان جەمالە کەزیاتر لەنیو سەدەدە تەمەنی خۆی بەخشییە خزمەتکردن بەئاواز و میوزیکی کوردی.



هونەرمەندی میوزیک ژەن ڕوان عەدنان، وەک گەنجێکی خوێن گەرم لەوبوارەدا لەزۆربەی ئەو فیستیڤاڵ و چالاکییە هونەرییانەی ئەنجام دەدرێن جێ دەستی دیارە. ڕوان،لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا تیشک دەخاتە سەر کاکردنی خۆی لەبواری میوزیک و باوکی ڕەحمەتی بەهاوکارو پاڵپشتی خۆی دەزانێت بۆ کارکردنی لەم بوارەداو دەڵێت:حەز و خولیام بۆ هونەر دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵی،کاتێک باوکم دەبینی ئامێری عود دەژەنێت حەز و ئاشنایەتیم بۆ ئەو ئامێرە دەچوو، خۆشی لەفێرکردنم هەمیشە هاوکارم بوو،دوای ئەوە توانیم خۆم پەرە بەم بوارەبدەم و بچم بۆ پەیمانگا و کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لەمیوزیک بخوێنم.

(تایبەتمەندی عود)

لەوڵامی ئەو پرسیارەی کاتێک ئامێری عود لەباوەش دەگری چ هەستێکت لادروست دەبێت، ڕوان دەڵێت: هەموو ئامێرێکی میوزیک هەست و سۆزێکی تایبەت بەخۆی هەیە،ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر خودی ژەنیارەکە کە بەچ ڕۆحیەتێکەوە ئەو ئامێرە دەژەنێت. عود وەک پاشای ئامێرە میوزیکە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبینم، هەرکاتێک ئەو ئامێرە لەباوەش دەگرم هەست بە ئارامییەکی زۆر دەکەم، واهەستەکەم لەباوەشی دایکی ئازیزمدام هێندەم خۆشدەوێت. ڕوان پێشیوایە عود جیاوازترە لە ئامێرەکانی دیکەی میوزیک و بەهاوڕێی قورگی مرۆڤ وەسفی دەکات و دەڵێت:جیاوازی ئەو ئامێرە لەوەدایە کاتێک دەیگرییە باوەش جیاواز لە ئامێرەکانی دیکە، دەتوانیت ئاسانتر ئاوازی تازەی پێ دابنێیت و ئاسانکاریت بۆ لەدایکبوونی ئاواز دەکات. هێمای بۆ ئەوەشکرد هەموو ئامێرە میوزیکییەکان جۆرێک لە تایبەتمەندی خۆیان بۆ گۆێگرهەیە. کاتێک گۆێیان لێدەگریت هەست بەدڵخۆشی و ئاسودەی دەکەیت و دەبێتە خەم ڕەوێنێک بۆیان. ئامێری عودیش یەکێک لەو ئامێرانەیە هەستێکی جوان و دەروونێکی هێمن بەگۆێگر دەبەخشێت.

(ستایل و سوشیال میدیا)

سەبارەت بە کارەکانی ئێستا و بەبەراورد لەگەڵ کارەکانی پێشوو کەمتر ڕۆحین و تێکەڵ بەهەستی گۆێگر نابن، ڕوان عەدنان پێیوایە بەهۆی هاتنەکایە و پەیدابوونی کۆمەڵێک فۆڕم و بۆتەی میوزیکی تازەی وەک سەناد میوزیک و ئەرەبێسک و سوننەتی و پۆپ و ڕۆپ و حاز هتد جیاوازە.

ڕاستە سەردەمەکان جیاوازن و گۆڕانکاری هەیە،ڕاستە ئەو کارانەی پێشووتر ئەنجامدراون کاری باش و پڕ لەهەست و ڕۆحیبوون، بەڵام ناشکرێت کارەکانی ئێستا سفر بکەینەوە. لەئێستاشدا کاری باش دەکرێن، بەڵام بەبەراورد ڕەنگە کاری باش کەمتربێت، یان هەندێ جار کارەکان پەلەپەلیان پێوە دیاربێت ، هەندێجاریش بێ سانسۆری لەناو کارەکاندا هەبێت، یان کاری لاسایی و ئاواز بردن هەبێت، ڕەنگە هەموو ئەوانە کاریگەرییان هەبێت.بەڵام دەتوانم بڵێم لەهەردوو سەردەمدا کاری جوان و باش کراون.بێگومان هاتنی ستایلی جیاواز و سوشیال میدیاش کاریگەری خۆی هەبووە،لەهەر سەردەمانێکیشدا هونەر تام و چێژی هۆی هەیە.

ڕوان لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا سەبارەت بەرۆڵی تەکنەلۆژیا گوتی: ئەو ئامێرە نوێیانەی ئێستا لەنێو بواری میوزیکدا پەیدابوون ئاسانکاری کردووە و هەنگاوی باش نراون و جۆرە چێژ و هەستێکی دیکەی بەهونەر بەخشیووە.

(میوزیک و ڕەسەنایەتی)

سەبارەت بەوەی لەئێستادا هونەری کوردی ڕەسەنایەتی تێدابەدی ناکرێت،هونەرمەند ڕوان عەدنان گوتی: بۆ پارێزگاریکردن لەکاری جوان ڕەسەنایەتی دەبووا لەپەیانگا یان کۆلیژی هونەر وانەیەک هەبووا بەفۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی، بەداخەوە نییە. بەڵام خۆشبەختانە هونەرمەندان و میوزیک ژەنەکان ئەم لایەنەیان پشتگوێ نەخستووە، لەمیدیاکان پڕۆگرام تایبەت هەیە بەمیوزیک و گۆرانی فۆلکلۆری، هەروەها لەبەرنامەکانی تیڤی و لایڤی میوزیکی شەوان زۆربەی ئەو گۆرانییانەی دەگوترێنەوە گۆرانی فۆلکلۆرین، دەتوانم بڵێم فۆلکلۆر و کاری ڕەسەنایەتی لەناخی هونەرمەند و میوزیک ژەنەکاندایە و بایەخی پێدەدەن و هیوادارم هونەرمەندان زیاتر بەهەمان ڕێچکەدابڕۆن و لە کارەکانیان ڕەچاوی ڕەسەنایەتی بکەن و بەهەمان ڕۆحیەتی جاران کارەکانیان بکەن.

هەروەها بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە تێکەڵکردنی میوزیکی کوردی و بیانی کرد کەچ کاریگەرییەکی لەسەر هونەر هەبووە، بۆ ئەوەش دەڵێت: تێکەڵکردنی هونەری کوردی بەهونەری بیانی وایکرد میوزیک و هونەری کوردی سنور ببڕێت و لەهەمان قاڵبی جاران نەمێنێتەوە، ئەوە وایکرد هونەری کوردی زیاتر دەوڵەمەند بکات و بپەڕێتەوە بۆ نێو هونەری وڵاتانی دیکە.


(میوزیک لەنێوان هەست و ڕوحدا)

زۆرجار گۆێگر بەگۆێگرتن لەمیوزیک هەست بە ئارامی دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا هەمان گۆێگر دەبینین بەگۆێگرتن لەپارچە میوزیکێکی حەزین هەست بەخەمۆکی و دڵتەنگی دەکات،لەنێوان ئەم دووحاڵەتەو میوزیکدا، میوزیک ژەن ڕوان عەدنان سەبارەت بەپەیوەندی نێوان هەست و ڕۆحی گۆێگر و میوزیک دەڵێت: بێگومان پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێوان میوزیک و هەستی مرۆڤدا هەیە، بەوهۆی



چیرۆکی

ئەسعەد عەزیز محەمەد



بەردی چاو

دەیگێڕایەوە و دەیوت:

لەوەتی ئەو ڕێگەیەمان گرتە بەر ڕووبەڕووی چەندین مەترسی بوویندەوە،بەڵام دواجار بۆ ئەوەی بگەینە پەناگەیەکی ئارام و لە بازنەی ترس دەرباز ببین پێویستی دەکرد لەنێوان دوو گرد دا تێپەڕین، تێپەڕبوون لەنێوان ئەو دوو گردە ترسناکترین خاڵی ئەو سەفەرە بوو، چونکە لەسەر هەر گردێك ڕەبییەکی سەربازیی بەسەرەوە بوو. پێنج کەسی بێ ئەزموون ڕێگەی کۆچکردنێکی پڕ لە مەترسیان گرتبووە بەر. هیچ کەسان نەماندەزانی لەو کاتەدا چی بکەین؟ دۆش دامابووین، هەر یەکەمان بۆ چوونێکی جیاوازی لەوی تر هەبوو، بەڵام هەموومان ئەو ڕاستیەمان زۆرباش دەزانی لە جێگەیەکی زۆر ترسناکین ئەگەر هەر هەڵەیەك بکەین دەبێتە هۆی لەدەستدانی ژیانمان لە ناوچەمەکەدا گیرمان خواردبوو، لەنێو قامیشەڵانەکەی ئەو دیو گردەکەوە خۆمان حەشاردابوو، دارتوولییەکی ئێجگار گەورە لەوێ هەبوو خۆمان لەپەنابیدا گرمۆڵە کردبوو، ترس و تۆقین لەو ساتەدا هۆرمۆنی ئەدرنالێنی زیاتر لە لەشماندا دەردەپەڕاند و پەستانی خوێنمانی زیاتر بەرز کردبووە و ڕەنگی ڕووخسارمانی بەرەو زەرد هەڵگەڕاندبوو. لەوێ زۆری نەمابوو بەهۆی پەلەکردن و سەرکەشییەوە ژیانمان بکەینە قوربانی. لەناکاو لە سات و کاتی هاتنی تاریکیدا پیرەمێردێکی نووڕانی وردین سپی بە جلێکی سپییەوە پەیدا بوو، کەس نەیدەزانی لەکوێوە هاتوە؟ چۆن ئەوەها بە کتوپڕ پەیدابووە؟ هیچ کەس ورتەی لەدەمەوە نەهاتە دەر بەڵام لە خەیاڵی بیرکردنەوەی خۆیدا بڕوای بەوە بوو ئەو کەسە خوا ناردوویەتی بۆ قوتاربوونمان لەو شوێنە سامناکە. ئەو شەوە لەسەر ڕێتمایی پیاوە ڕدین سپێیەکە تادەمەو بەیان بە پەنهانی لەنێو ژاڕ و قامیشەڵانەکەدا خۆمان مەڵاسدا پاش تێپەڕبوونی سێ چارەك شەو یەکە یەکە بەئەسپایی و لەسەر ڕاسپاردەی پیرەمێردە ڕدێن سپێیەکە لەنێوان دوو ڕەبییەکەوە تێپەڕبووین گەیشتینە سەر ڕێگایەکی ئارام. لەدوای ڕزگاربوونمان لەو جێگە مەترسییەدا تا گەیشتین بەڕێگە شاخاوییەکەی هێمن ئاگامان لە پیرەمێردە ڕدێن سپێیەکە بوو کە بەردەوام چاودێریانی دەکرد، کاتێ گەیشتینە سە ڕێگەی شاخاوی هێمن لەپڕ پیرە مێرد دیار نەما، هەر یەکەمان لەوی تری پرسیاری کرد. هیچ کەس نەیدەزانی کەی ڕۆیشتووە و بەکام ڕێگادا ڕۆیشتووە. چۆن لەناکاو پەیدا بوو، بەهەمان شێوەش لەناکاو بێ ئاگاداری هیچ کەس ڕۆیشت.

دوای ماوەییەك ڕۆیشتن، لەسەر تاشە بەردێکی ڕێگادا پشوومانداو، هەریەکەمان بیر و هۆشمان بەشتێکەوە گرێدرابوو، بەڵام خاڵی هاوبەش لە خولگەی بیرکردنەوەماندا پیرەمێردە ڕدێن سپێیەکە بوو، ئەو پیرە مێردە کێ بوو؟ وا لەناکاو بێ هیچ ئامادەییەك پەیدا بوو؟ بێ ئەوەی کەسیش بزانێت بەجێبانی هێشت و ڕۆیشت؟ لە کاتێکدا وەك ئەوانی تر بیرم دەکردەوە، بەنیگاییەکەوە دەمڕووانییە ئەنگوستیلەی (بەردی چاو) لە قامکی دەستی ڕاستمدا بوو، بەنێو لەپی چەپم تۆزو خۆڵم لەسەر ئەنگوستیلەکە لابرد، لەو چرکە ساتەدا هەستم بە هێزێکی ئەفسوناوی دەکرد کە زیاتر دڵنیایی پێمدەبەخشی، دەزووی بیرکردنەوەم گەڕاندییەوە بۆ لای پیرەمێردە ڕدێن سپێیەکە، یادەوەرییەکانم بەرەو دواوە، ئەو کاتەی تەمەنم پێنج ساڵان دەبوو لەگەڵ باوکمدا لەناو ئاپورەی خەڵکی بازارەکەدا لەهاتوو چۆکردندا بووین، ئەوەی هێشتا بە بیر و هۆشمدا چەسپاوە ئەوەیە باوکم سەعاتێکی ناو سەوز قایشێکی قاوەیی هەبوو لەمچەکدا بوو، باوکم توند دەستی گرتبووم، لە چرکەیەکی غافڵبووندا دەستم لەدەستی باوکم ترازا، زۆر بەدوای باوکم گەڕام نەمدۆزییەوە، ئەو ساتە ترس و حوزن لەناخمدا ناوێتەی یەکتر بوون هەنسکم دەدا، سیمای پیرەمێردە ڕدێن سپێیەکەم هەرگیز بیر ناچێتەوە بەرەو ڕووم هات و بەخەندەی سەر لێوی وقسەی خۆش دەستمی گرت و نوقڵێکی شیرین و خۆشی پێمدا و بردمی بۆ لای باوکم و گەیاندمی بە باوکم، دوای ئەو ڕووداوە هەموو کات داپیرەی پیاوە ڕدێن سپێیەکەی دەشوبهاند بەباپیرەی باوکم لەسیماو ڕووخساریدا هەمان باڵا بەرزی وڕەنگی سوور و سپی و ڕدێن سپی هەبووە، داپیرەم ئەوەشی دەگووت :-» کێ دەڵێت ئەو پیرەمێردە ڕدێن سپییە باپیرە گەورەت نی یە و هاتووە یارمەتیت بدات؟ کاتێ پێیبم دەووت :- «داپیرە ئاخر باپیرەم مردووە.

ئیتر بێدەنگی بواری بە هیچ وشەیەك نەدەدا، هەموو چپەو تۆن وپیت و برگەیەکی وەك دەریایەکی بێ کۆتایی هەڵدە لووشی. چەند هەنگاوێکی تر ڕۆیشتین، لەلاپەڕە تۆز لێنیشتوی بیرەوەرییەکانم زۆر بە وردی بە دوای کاراکتەری (پیرە مێردە ڕدێن سپێیەکە) دەگەڕام لە یەکێك لە لاپەڕە تۆمارەکانی یادەوەرییەکانم هاوشێوەی یان کەسایەتییەك هەبوو دەشوبهێندرا بە پیرە مێردە ڕدێن سپێیەکە. ئەوەش نیوەڕۆییەکی وەرزی بەهار بوو، گەرما تینی پەیدا کردبوو، دانیشتن و ڕۆیشتن لەبەردەم تیشکی خۆر بێزار و وەڕەست دەکات. لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەی لە قوتابخانەوە ئۆتۆمبیلێکی تیژ ڕەو خۆی پێدا کێشام و فڕێیدامە سەر شۆستەکەوە، تووشی ئازار و سەرە گێژکە ببووم، ئەوەندە دیمەنی ئەو ڕووداوەم لەخەیاڵدا مابوو، سێ دیمەنی ڕووداوەکە لە یادەوەرییەکانم تۆمارکردبوو، دیمەنی یەکەم پیرەمێردێك ڕیشێکی تەنکی سپی هەبوو، دیمەنی دووەم بە دەزووی بیرکردنەوەی لکێندرابوو دیمەنی هەڵواسینی (بەردی چاو) ی ڕەنگ شین بوو کە بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە چاوەزار لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا هەڵواسرابوو، دیمەنی سێیەم تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبیلەکە بوو بەتەنها ژمارەیەکی زۆر و سێ پیتی تێدابوو. ئەو ڕۆژە بەردەوام ڕێان دەکرد، هەوایەکی پاك وبێگەرد وتیشکی ڕۆشنایی خۆرو ڕووبارێکی ئاو تەریب بەڕێکردنی ئێمە، بەڵام ئاراستەکەی پێچەوانەی یەکتر بوو، ئاراستەی ئاوی ڕووبارەکە بەرەو باشووری ڕۆژ ئاوا دەڕۆیشت، ئاراستەی ڕۆیشتنی ئێمە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات ڕێان گرتۆتە بەر و بە نیازین بەرەو دوور زۆر دوور بڕۆین، تیشکی خۆر پەیتا پەیتا تیشکە زێڕینەکەی پەخش دەکات، ئەو کاتەی گەیشتینە ناو دارستانە سروشتییەکە ئەوەی بۆ یەکەمجار لەوێ سەرنجمدا دەنکە مازوویەك بوو لەنێو پووش و پەڵاشەکاندا کەوتبووە سەر زەوی بەشێوەییەکی ئاسایی چەمامەوەو تۆوی(مازووەکە) م هەڵگرت و چەند چرکەیەك سەیرم کرد و دواتر لەگیرفانم نا، شەقاوێك ڕۆیشتین ئەوەم بەبیردا هاتەوە داپیرەم هەموو کات لە گیرفانیدا چەند دەنکە مازووییەکی هەڵدەگرت، کاتێك لە داپیرەم پرسیار دەکرد ئەو دەنکە مازووانەت بۆچییە؟ داپیرە بە بڕواییەکی پتەوەوە کە ئەو بڕوابوونە ئاسوودەیی پێدەبەخشی دەیگووت :- « ئەو مازووانە لە چاوە زار دەمان پارێزێت.» بەتێپەڕبوونی کات زیاتر دەڕۆیشتین و زیاتر لە زێدی خۆمان دوور دەکەوتینەوە، خەون و خەیاڵ و نەخشەی دوا ڕۆژێکی ترمان لەبیرو هۆشمان کێشابوو، هەموکات بیرمان لەوە دەکردەوە، بۆ هەر کوێ بڕۆین، بگەنە هەر شوێنێك ناچارین ڕۆژێك بۆ شاری خۆمان بگەڕێنەوە، بێ ویستی خۆم چیرۆکی باپیرە گەورەم بەبیردا هاتەوە دوای ئەوەی بیست ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری و لەنێوان سێ وڵاتدا دواجار گەڕایەوە گوندەکەی خۆمان، ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەو شەوەی یەکەم شەو بووگەڕایەوە گوندەکەمان تا لەوێ پشوو بدات هەر ئەو شەوە کۆچی دوایی کردو لەوێش نێژرا.»

لەدوای گێڕانەوەی چیرۆکەکە ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت جاروبار ئاوڕی دادەوە دواوە، دەیزانی ڕۆژێك دەگەڕێتەوە.





نووسینی : حەسونە موسباحی

وەرگێڕانی: ئاکۆ عەبدوڵا

لە پایزی ئەم ساڵ، سی ساڵ بەسەر ڕوخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی شیوعی بە سەرۆکایەتی ئەوەی پێیدەوترا، یەکێتی سۆڤیەت تێپەڕی. بە هۆی ئەو ڕووداوە مەزنە مێژوویییە، فرانسیس فۆکۆیامای هزرمەندی ئەمەریکی کتێبی (کۆتایی مێژوو)ی بڵاوکردەوە، لەناویدا تیزە ناودارەکەی خستەڕوو کە داکۆکی لەوە دەکات، دیموکراتی لە شێوە ڕۆژئاوایەکەی، دەبێتە ئایندەی زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەڵام ڕووداوەکان بە خێرایی دەریان خست تیزەکەی فۆکۆیاما کەلێنی زۆری تێدایە، سەلماندراش هێشتا ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ماون، وەکو ئەوەی لە کۆریای باکور و کوبا و ئێران. وڵاتی وەهاش هەیە بۆ ئەوەی زاڵبوونی خۆی و تووندوتیژییەکەی و چەوساندنەوەکەی تێدا بشاریتەوە، جۆرێك لە دیموکراتی پەیڕەو دەکات کە بە دیموکراتی سەختە ناودەبرێت، وەك ئەوەی تورکیا لە ژێر سایەی حوکمی ئەرۆدگان و ئەوەی ڕووسیاش لە ژێر حوکمی پوتین.



سەدەی دیکتاتۆرییەکان

لەلایەکی دیکەوە دوای ئەوەی حزبە نەتەوەیی و ڕاستڕەو و ڕادیکالییەکان جەماوەریان فراوانبوو، دیموکراتییە ڕەسەنەکانی وڵاتانی ئەوروپی و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەوتنە بەردەم هەڕەشەی گەورە، هەندێك لەوانەش لە دەسەڵاتدان، وەك ئەوەی نێستا لە ئیتاڵیا و هەنگاریا.

لەوانەیە ئۆلیڤییە گوزی نووسەری فەرەنسی بیەوێ گەلان لە مەترسی گەڕانەوەی ڕژێمە چەوسێنەرەکان ئاگادارکاتەوە، بۆیە کتێبێکی بەناونیشانی (سەدەی دیکتاتۆرییەکان) بڵاوکردەوە، مەبەستی سەدەی بیستەمە کە وەها دەبینێ ئەو سەدەیە زۆردارترین ڕژێمی دیکتاتۆری و دڕندەترین و توندترین و سەختترین و مەترسیدارترینی لە سەر ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا بەخۆوەبینی. هەروەها ئەو سەدەیە دەسەڵاتداری وەهای تێدا ژیا کە بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتیان، لە ئەنجامدانی قەسابخانەی لەڕادەبەدەر و ترساندنی گەلەکانیان و تووندوتیژی بەرامبەریان و هەڵگیرساندنی جەنگە وێرانکەرەکان دووداڵنەبوون.

ئۆلیڤییە گوز ئەدگارەکانی دیکتاتۆر بەو شێوەیە دیاریدەکات (دیکتاتۆر ئەو دەسەڵاتدارەیە کە هەموو دەسەڵاتەکان بۆ خۆی دادەنێ و بە گوێرەی بەرژەوەندی تایبەتی و غەریزەکەی خۆشی حوکم دەکات و ڕێگاش بەخۆی دەدات ستەم بکات و سیاسەتێکیش پیادەبکات کە لەسەر تووندوتیژی و ترساندن وەستابێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ساکارترین بنەماکانی مرۆڤایەتی. هەروەها دیکتاتۆر حەزی لێیە لەلایەن جەماوەر پەرستراوبێت و لە گۆڕەپانە گشتییەکان پەیکەری بۆ دابنرێ و بۆ ستایشکردن و شکۆدارکردنیشی چامە دابڕێژرێ. بۆ ئەوەی لە سەر کورسی دەسەڵاتیش بەردەوامبێت، بەتوندی دژایەتی نەیارەکانی دەکات، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو دەیانکوژێ و دووریاندەخاتەوە و لە کاریش بێبەشیان دەکات).

چۆن دیکتاتۆر سەرهەڵدەدات؟

ئۆلیڤییە گوز بەو جۆرە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: (قەیرانە ئابووریەکان یاخود کۆمەڵایەتیەکان یان جیهانیەکان، وەك ئەوەی لە کاتی قەیرانی ١٩٢٩ هەروەها جەنگە ناوخۆییەکان، دەبنە هۆی دەرکەوتنی (پیاوە بەهێزەکە) واتا دیکتاتۆر، ئەو کەسەی لە سەرەتا وەها خۆی ناودەبات گونجاوە بۆ کۆتاییهێنانی ئاژاوەکە و بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی. لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانیش دیکتاتۆر بە دەسەڵات هەڵدەگەڕێ، وەك ئەوەی لە ساڵانی سیەکانی سەدەی بیستەم لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا ڕوویدا. یان لە دوای کۆدێتای سەربازی، وەك ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، لەناویشیاندا وڵاتانی عەرەبی ڕوویدا.

هەروەها ئۆلیڤییە گوز دەڵێت: (جەنگی یەکەمی جیهانی کە قوربانییەکەی ملیۆنەها کەس بوو، دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی ڕووخاند، ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی نەمسا و هەنگاریا بوو. هەڵوەشاندنەوەی قەیسەریەتی ڕووسیاش لە ئەنجامەکانی ئەو جەنگە بوو. ئەو ڕووداوە گرنگانە لە زۆر ناوچەی جیهان بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی پەشێوەی و ترس. هەروەها بووە هۆی سەرهەڵدانی هێزە ڕەشەکان کە بە خێرایی دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، وەك ئەوەی نازیەکان لە ئەڵمانیا و فاشیەکانیش لە ئیتاڵیا. لە دوای ڕوخانی دوو ئیمپراتۆریەتە داگیرکاریەکەش (بەریتانی و فەرەنسی) دەسەڵاتدارانی وەها دەرکەوتن ئازادییان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان برد و بە ئاسن و ئاگریش حوکمی گەلەکانی خۆیان کرد، وەك حاڵی بەشی زۆری وڵاتانی ئەفریقی و عەرەبی. لە کاتی جەنگی ساردیش هەریەك لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوەی کە پێدەوترا یەکێتی سۆڤیەت، لە زۆر وڵات پشتگیری ڕژێمە دیکتاتۆریەکانیان کرد.

ناودارترین دیکتاتۆرەکان

لە کتێبەکەیدا ئۆلیڤییە گوز چەندان بەشی تەرخانکردووە بۆ ناودارترین دیکتاتۆرەکانی جیهان و لە هەموشیان دڵڕەقتر و تووندوتیژتر، لەوانە هیتلەر و موسۆلینی و لینین و ماوتسی تۆنگ و ئەنوار خواجە و جەنەراڵ فرانکۆ. ئەو وەها دەبینێ لینین هەر لە سەرەتاوە ناپاکی لە بنەماکانی ئەو هزرانە کرد کە بە دڕێژایی کاروانە دڕێژەکەی خەباتی، بەرگری لێدەکردن. ئەو دژی هەموو نەیارە بەلشەفیەکان وەستا، جا ئارستۆکراتی بان یاخود بۆرژوازی یان پیاوانی ئایینی یان سەربازی یاخود شۆسیالیستەکان. هەروەها دژی ئەو جوتیارانەش وەستا کە رازینەبوون دەستبەرداری زەویەکانیان بن. ژمارەی زۆریی لێ کوشتن. لە ماوەی سەردەمی (شیوعیەتی جەنگ) لینین بۆ بەرژەوەندی بەلشەفیەت، دەستی بەسەر سامانەکانی ڕوسیا داگرت. هەموو جۆرەکانی بازرگانی ئازادی قەدەغەکرد. لە دەستوری ساڵی ١٩١٨ بڕیاریدا حزبی شیوعی مافی ئەوەی هەیە دەست بەسەر هەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا بگرێ و کۆنترۆڵیان بکات. هاوشێوەی ڕژێمی قەیسەریش لینین هەزارەها کەسی گەلەکەی بۆ مۆڵگە ترسناکەکانی سیبریا نارد، بۆیە ئۆلیڤییە گوز وەها دەبینێ لینین ڕێگا خۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدنی دیکتاتۆرە شیوعیەکانی وەك ستالین و ماوتسی تۆنگ و فیدل کاسترۆ و ئەنوار خواجە و چەندانی دیکە.

www.alarab.co.uk



سزای بەکارنەهێنانی دەمامک لە ئەورووپا تا شەش هەزار یۆرۆ دەڕوات

بەشێکی وڵاتانی ئەورووپا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-19) زیانێکی زۆری گیانی و مادەییان لێکەوتووە، بەم هۆیەوە ڕێوشوێنی زۆر تووندیان بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە گرتووەتەبەر، هەندێك وڵات تەنانەت قەدەغەی هاتوچۆشیان ڕاگەیاند و دوای کەمبوونەوەی ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسەکە ڕێوشوێنەکان کەم کرانەوە، بەڵام لەگەڵ دووبارە بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان دووبارە ڕێوشوێنی توند گیرایە بەر.

گرنگترین ڕێگای خۆپارێزیش بەکارهێنانی دەمامکە بە تایبەت لەناو هۆکارەکانی گواستنەوە و شوێنە داخراوەکاندا، هەربۆیە لە هەندێك وڵات بەکارهێنانی دەمامك بووەتە زۆرەملێ:

- بەڵژیکا

زۆرێك لە دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ لە بڕۆکسڵ-ی پایتەختی بەڵژیکا-ن. لەم وڵاتە هەر کەسێك پابەند نەبێت بە بەکارهێنانی دەمامکەوە بە 250 یۆرۆ سزا دەدرێت. تا ئێستاش 72 هەزار و 16 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و نۆ هەزار و 861 حاڵەتی گیانلەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسەکەوە لە بەلجیکا تۆمار کراون.

-فەرەنسا

هەر لە دەستپێکی پەتای کۆرۆناوە فەرەنسا یەکێك بووە لەو وڵاتانەی زۆرترین حاڵەتی تیادا تۆمار کراوە. تەنانەت لە بەشێکی شارەکان داوا لە هاووڵاتیان دەکرێت لە شوێنە کراوەکانیشدا دەمامك بەکاربهێنن.

هەرکەسێکیش پابەند نەبێت بەم یاسایەوە بە 135 یۆرۆ سزا دەدرێت. تا ئێستاش 195هەزار و 633 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و 30 هەزار و 312 حاڵەتی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسەکە لە فەرەنسا تۆمار کراوە.

- ئیسپانیا

لە ئیسپانیا سزای بەکارنەهێنانی دەمامك تا شەش هەزار یۆرۆ دەڕوات. لە شوێنە داخراو و کراوەکاندا پێویستە هەر کەسێك تەمەنی سەروو شەش ساڵ بێت دەمامك بەکاربهێنێت. ئەو کەسانەشی پابەند نەبن بە بەکارهێنانی دەمامکەوە بە بڕی 100 یۆرۆ سزا دەدرێن، بەڵام ئەم سزایە بەگوێرەی شوێنەکان زیاد دەکات و بەپێی ئەو مەترسییانەی نەبەستنی دەمامك دروستی دەکات بڕی سزاکە زیاد دەکات بەجۆرێك تا شەش هەزار یۆرۆ دەڕوات.تا ئێستاش 354 هەزار و 530 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و 28 هەزار و 500 حاڵەتی گیانلەدەستدان لە ئیسپانیا تۆمار کراوە.

- ئیتاڵیا

ئیتاڵیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە زۆرترین زیانی مادەدی و گیانی بەرکەوتووە و تا ئێستا 249 هەزار و 204 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و 35 هەزار و 187 حاڵەتی گیانلەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسەکەوەی تیادا تۆمار کراوە.سزای بەکارنەهێنانی دەمامك بەپێی ناوچەکانی ئیتاڵیا دەگۆڕێت لە هەرێمی کامپانیا سزاکە هەزار دۆلارە و لە هۆکارەکانی گواستنەوە و شوێنە داخراوەکاندا بەکارهێنانی دەمامك زۆرەملێیە.لە هەرێمی لۆمباردیا کە زۆرترین حاڵەتەکانی تووشبوون و گیان لەدەستدان بە ڤایرۆسەکەی لێ تۆمار کراوە لە مانگی نیسانەوە یاساکە نەبن بە 95 یۆرۆ سزا دەدرێن و لە ئەگەری دووبارە کردنەوەدا بە 350 یۆرۆ سزا دەدرێن.تا ئێستاش 56 هەزار و 982 حاڵەتی تووشبوون و شەش هەزار و 153 حاڵەتی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هۆڵەندا تۆمار کراون.

-ئەڵمانیا

لە ئەڵمانیا 215 هەزار و 210 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و نۆ هەزار و 252 حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمار کراون و بەکارهێنانی دەمامك لە شوێنە داخراوەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەدا زۆرەملێیە.هەرکەسێکیش پابەند نەبێت بڕی ١٥٠ یۆرۆ سزا دەدرێت.

-یۆنان

لە دەستپێکی پەتاکەوە ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەراورد بە وڵاتانی دیکە کەمتر بوو، بەڵام لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ژمارەکان هەڵکشانیان بەخۆوە بینی و ئەمەیش وای لە حکوومەتی یۆنان کرد ڕێوشوێنەکان توند بکاتەوە.لە ئێستادا بەکارهێنانی دەمامك لە تەواوی شوێنە داخراوەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەدا زۆرەملێیە و هەرکەسێك پابەند نەبێت بە 150 یۆرۆ سزا دەدرێت.تا ئێستا پێنج هەزار و 123حاڵەتی تووشبوون و 210 حاڵەتی گیانلەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە یۆنان تۆمار کراوە.

- نەمسا

تا 24ی تەموز تەنها لە هۆکارەکانی گواستنەوە، ناوەندەکانی تەندروستیی و دەرمانخانەکاندا بەکارهێنانی دەمامك زۆرەملێ بوو، بەڵام لە دوای ئەم بەڕاوەوە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە مارکێت، بانك، پۆستەخانە و فرۆکانیشدا بەکارهێنانی دەمامك کرایە زۆرەملێ.

هەرکەسێکیش پابەند نەبێت بە 50 یۆرۆ سزا دەدرێت.تا ئێستا 21 هەزار و 696 حاڵەتی تووشبوون و 719 حاڵەتی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە نەمسا تۆمار کراوە.

- هەنگاریا

لە هەنگاریا لە دەستپێکی وەرزی هاوینەوە لە بازارەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەدا بەکارهێنانی دەمامك بۆ کەسانی سەروو شەش ساڵ کراوەتە زۆرەملێ.ئەو کەسانەی پابەند نەبن بە بەکارهێنانی دەمامکەوە پۆلیس دەتوانێت بە پێنج هەزار بۆ 500 هەزار فۆرینت سزایان بدات. ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەو وڵاتە چوار هەزار و 597 کەس و ژمارەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیش 600 کەسە.

- بولگاریا

هەرچەندە لە بولگاریا تەنها لە دەرمانخانە، نەخۆشخانە و هۆکارەکانی گواستنەوەدا بەکارهێنانی دەمامك زۆرەملێیە، بەڵام لە دەروازەی چوونە ژوورەوەی زۆر شوێن داوای بەکارهێنانی دەمامك لە میوانەکان دەکەن.

لەو شوێنانەی بەکارهێنانی دەمامك زۆرەملێیە، هەرکەس پابەند نەبێت بە بڕی 300 لیڤا (150 یۆرۆ) سزا دەدرێت. تا ئێستاش 13هەزار و 14 حاڵەتی تووشبوون و 435 حاڵەتی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەو وڵاتە تۆمار کراون.

- وڵاتانی سکەندەناڤیا

لە وڵاتانی سکەندەناڤیا کە بریتین لە سوید، نەرویج، دانمارك و فینلاند بەکارهێنانی دەمامك زۆرەملێ نییە. تەنانەت لە هەندێك لەو وڵاتانە حکوومەت تەنها هۆشداری دەدات بە هاووڵاتیان کە دەمامك بەکاربهێنن. ئەمە لە کاتێکدایە تا ئێستا 81 هەزار و 967 حاڵەتی تووشبوون و پێنج هەزار و 766 حاڵەتی گیانلەدەستدان لە سوید، 14 هەزار و 306 حاڵەتی تووشبوون و 617 حاڵەتی گیانلەدەستدان لە دانمارك، حەوت هەزار و 532 حاڵەتی تووشبوون و 331حاڵەتی گیانلەدەستدان لە فینلاند و نۆ هەزار و 468 حاڵەتی تووشبوون و 256 حاڵەتی گیانلەدەستدان لە نەرویج تۆمار کراون.





لوبنان .. نموونەی دەوڵەتی شکستخواردوو!

یونس حەمەد - ئۆسلۆ

ئەگەرچی لوبنان یەکێکە لە دەوڵەتە بچووکەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترین قسەوباس لەسەر ئەم دەوڵەتە هەیە کە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستدا لەبن دەستی کۆڵۆنیزمی فەرەنسیەکان رزگاری بوو و سەربەخۆیی ڕاگەیاند ،لوبنان لەڕووی جوانی و کەش و هەوا و ژینگە یەکێکە لە دەوڵەتە خۆشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، بەڵام لە ڕووی ئاسایشەوە یەکێکە لە وڵاتە هەرە بێ ئاستەکانی جیهان ، دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەورەترین شەڕی ناوخۆ لەم وڵاتەدا ڕوویدا لوبنان بووە گۆڕەپانێکی بەرفراوان بۆ لایەنە جیاجیاکانی ناوچەکە لەم ڕووەوە هەر لایەن و ڕێکخراوێك چەکی کردە دەست بۆ لە ناوبردنی لایەنی بەرانبەری ، موسڵمانانی سوننە مەزهەب ، لەملاشەوە شیعە، هەروەها کرستیانەکان کە بە پێی دەستوور ئەو سێ لایەنە دەسەڵات پێك دێنن ، کەوتنە گیانی یەکتر هەر لایە و بە چەندین ڕێکخراوی چەکداری ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە ،ئەم جەنگە کە ناوی لێنرا (جەنگی نێوخۆیی لوبنان) بەردەوام بوو تا ئەوەکات لە ڕێککەوتنی 30 سێپتەمبەری 1989 لە تایف لە ژێر سەرپەرشتی پاشانشینی سعودیە بە ناو پێکهاتن ،بەڵام لە ژێرەوە هەر لایەنێك ئەجیندای خۆی جێبەجێ دەکرد ، ئەجیندا کانیش زیاتر دەرەکی بوون نەوەك ناوخۆیی، بەهۆی تووندی شەڕەکان لە سەرەتای ساڵی 1976 سووریا دەرفەتێکی مێژوویی بۆ خۆی قۆزتەوە بە ناوی هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی عەرەبی هاتە ناو خاکی لوبنان کە زیاتر لە داگیرکاری دەچوو نەوەك بەرگری و ناوبژیکار ، دوای ڕێککەوتنی تایف گرژی و ئاڵۆزییەکان لە وڵاتدا بەردەوامی هەبوو پرسی تیرۆرکردنی کەسایەتیەکان و تیرۆر و تەقینەوە هەردەم ڕووی لە هەڵکشاندابوو ،ئەوەی کە زۆر دەنگی دایەوە خرانە بەردەست دادگای نێودەوڵەتی پرسی تیرۆرکردنی ڕەفیق ئەلحەریری بوو کە ڕاستەوخۆ (حزبوڵا)ی پێ تاوانبارکرا، ئەمەش لە دادگای نێودەوڵەتی تاراددەیەکی دروست یەکلابۆوە و چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت 18/8/2020 دادگای نێودەوڵەتی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات ، تیرۆر و تۆقاندن و تەقینەوە دوای ئەلحەریریش بەردەوام بوو ،بەڵام تەقینەوەکەی بەیروتی سێشەممەی 4/4/2020 یەکێکە لەو تەقینەوانەی کە زۆرترین چاوی خرایە سەری ئەویش بەهۆی بەهێزی و گوێبیستنی لە دووری مەوداکەی کە چەند سەد کیلۆمەترێك کاریگەری نیشاندا . چاودێرانی سیاسی و میدیایی چ لوبنانی یان جیهانی باس لە خاڵێکد دەکەن بەوەی لوبنان دەوڵەتێکی شکستخواردووی ئەو سەردەمەیە ، نەوەك تەنیا بەهۆی تیرۆری سیاسی و ڕوودانی تەقینەوە ،بەڵکو بە هۆکاری بەردەوامبوونی قەیران لە دوای قەیرانی سیاسی و خزمەتگوزاری و هەتاوەکو پەرلەمانی ، چەندین جار لە ماوەیەکی کەم و کورتدا لوبنان سەرۆك وەزیران دەگۆڕێت ، سەرۆك کۆمار بە ئاسانی دانانرێت ، پەرلەمان هەمیشە بە کێشەیە ،وێڕای ئەوەی پارت و ڕیکخراوەکانی پڕ چەکن یان ڕوونترلە سەر حاڵەتدا دەوڵەت لە ناو دەوڵەت دروست کراوە نموونەی (حزبوڵا) کە بەهۆی بوونی چەکدارێکی زۆر لە شیعەکان ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی دەوڵەتی بەدەستەوەیە بە تایبەتی فڕۆکەخانە و جومکە گرینگەکانی دەوڵەت و وەك باسیش دەکرێت ڕاستەوخۆ سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێرانە وخودی خۆشیان ئەوەیان نەشاردۆتەوە .. تەقینەوەی ئەمجارەی بەیروت ئەستەمە بە ئاسانی وەك ئەوانی دیکە تێپەڕێت ،چونکە لەحاڵەتە دەگمەنەکانی جیهانە بەم شێوەیە تەقینەوەیەك ڕووبدات و تا ئێستا نەزانرێت چۆن ڕوویداوە کە بەگوێرەی چاودێرانی سیاسی و ئاسایش تەقینەوەی بەیروت چەمکی وڵات بەرەو ئاقارێکی دیکەی نادیار دەبات .. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکرێت بەر لە هەموو کەس لوبنانیەکان خودی خۆیان ئامادە بەوە دەکەن کە دەوڵەتەکەیان دەوڵەتێکی شکستخواردووە هەر بۆیە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەن بە هانایانەوە بێن بۆ دەربازبوون لەم تەنگژانەی بەردوام تیایداکەوتوون ، ئەو کاتانەش ڕوونتر بەرچاو کەوت کە ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا سەردانی لوبنانی کرد ، خەڵکەکەش بهە ئاشکرا داوای گەرانەوەی فەرەنسایان کرد وەك سەرەتای ساڵانی سەدەی بیست .

مانشێت

یۆرۆ نیوز:

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بیلاروسیادا ، لۆکاشینکۆی سەرۆکی پێشووی وڵات 80.23% ی دەنگی وەدەست هێنا و بۆ خولێکی دیکە لە پۆستەکەی مایەوە.



ئەی ئێف پی:

لە ئەنجامی بارینی بارانێکی زۆر و ڕووداوی لافاو لە دوورگەیەکی نزیك ئەسینای پایتەختی یۆنان ، حەوت کەس گیانیان لەدەست دا.



ڕۆیتەرز:

بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی بیانی و بە گوێرەی یاسای ئاسایشی نیشتمانی، پۆلیسی هۆنگ کۆنگ جیمی لای میدیاکاری دەستگیر کرد.




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

بەشداربوانی کۆنگرەی یارمەتیدانی لوبنان بڕیاریان دا 250 ملیۆن یۆرۆ وەك یارمەتی پێشکەشی ئەو وڵاتە بکەن بەو مەرجەی پارەکە ڕاستەوخۆ رادەستی خەڵك بکرێ.




فرانس 24:

وەك هەوڵێك بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا ، حکومەتی فەرەنسا بڕیاری دا لە چەند شارێك (بە پاریسی پایتەختیشەوە) بەستنی ماسك بکرێ بە ناچاری.



کەنالی ئار تی:

نێردەی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان ڕایگەیاند لە داهاتوویەکی نزیکدا گفتوگۆی نێوان تالیبان و حکومەتی ئەفغانستان دەست پێ دەکاتەوە.



لە ٢٦ی ئاب ١٩٤٦ - ٢٦ی ئاب ٢٠٢٠ | ٧٤ | سەمین سالیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

پابەند نەبوون بە رێنمایی خۆپاراستن شوێنەکانی گەشتیاریی داخستەوە



نادر روستی



بەهۆی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە مانگی ئازار تا مانگی حوزەیران شوێنەکانی گەشتیاری هەرێم بە داخراوی مانەوە، دواتر دەسەلات بە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پاریزگاکان درا، کە هەندێک لە شوێنەکانی گەشتیاری بکرێنەوە و پێشوازی لە گەشتیاران بکەن، لە جەژنی قوربان زۆربەی شوێنەکانی گەشتیاری لە ناوچە شاخاوییەکان پڕ لە گەشتیار بوون، دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە هەندێک گەشتیار لە شارەکانی عێراق بۆ سلێمانی هاتوون، جێگای نیگەرانییە کە زۆربەی شوێنەکان رێنمایی خۆپاریزیان فەرامۆش کرد، ئەمەش مەترسیکی گەورەی بۆ سەر ژیانی کۆمەڵگا دروستکرد. لێژنەی چاودێری بۆ شوێنەکانی گەشتیاری، چاودێر بوون بەسەر پابەندبوونی خاوەنی شوێنەکان بە رێنمایەکانی خۆپاریزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لێرە و لەوێ هەندێک لە شوێنەکان سزادران، بەڵام فراوان بوونی پابەند نەبوونی شوێنەکان و هاووڵاتییان و گەشتیاران کە سەردانی شوێنەکانی گەشتیاری دەکەن، دەنگۆی زیادبوونی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە تۆرەکانی کۆمەڵایەتی بەهۆی گەشتیاران و پابەند نەبوونیان بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمەش بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ داخستنەوەی شوێنەکانی گەشتیاری.

داخستنی شوێنەکانی گەشتیاری لەم وەرزەدا زیانی زۆر بە دەروونی هاووڵاتییان و بە ئابووری وڵات و بە داهاتی خاوەن پرۆژەکان دەگەیەنێت، دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دواخستنی کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان و هەرەس هێنانی ئابووری وڵات.

بۆ ئەوەی بەسەر ئەم کێشەیە زاڵبین، باشترین رێگاچارە پابەند بوونی خاوەن شوێنەکانی گەشتیاری و هاووڵاتییانە بە رێنمایەکانی خۆپاریزی، چونکە دەرکەوتووە کاتێک خۆپاریزی هەبێت، شوێنەکانش بکرێنەوە هیچ مەترسیەك بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دروست نابێت، بۆیە گرنگە کە هەموومان پابەندی جێبەجێکردنی رێنماییەکان بین، بۆ ئەوەی گەشتکردن بەردەوام بێت و خاوەن شوێنەکانیش لەم وەرزە لە داهاتی گەشتیاری بێبەش نەبن.

سوودەکانی پەرەپێدانی توانای مرۆیی بە ئۆنلاین بۆ کەرتی گەشتیاری

کۆرۆ و سمیانار و کۆبوونەوە بە شێوەی ئۆنلاین (لە رێگای هێلی ئینتەرنێت) لەگەڵ هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، زیاتر بەدەرکەوت و گرنگی پەیدا کرد، ئەمەش وەك رێکارێك بۆ خۆپاریزی و رێگری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە.

هەرێمی کوردستانیش لە هەمان کات و بە هەمان شێوە گرنگی بەم بابەتە دا، بەڵام دەستەی گشتی گەشتوگوزار لەکاتی شەڕی داعش و پێشتریش جارجار ئەم شێوازەی لە کۆبوونەوەکانی بەکار دەهێنا، سەرەتا لە رێگای سکایپ و دواتر لە رێگای گۆگل و دواتر لە رێگای ماسنجەر و ئێستاش لە رێگای بەرنامەی زووم، درێژە بە خول و کۆبوونەوەکانی دەدات.

لە ماوەی رابردوو، بەرێوەبەرانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە هەماهەنگی دەستەی گەشتوگوزاری بەغدا لە دوو خولی رێکخراوی گەشتوگوزاری عەرەبی و زانکۆی شاهانەی عەبدولعەزیزی سعودی و ئەکادیمیای علوم و تەکنەلۆژیای عەرەبی بەشدار بوون، خولی یەکەم لەبارەی (ستراتیژییەتی بەرێوەبردنی گۆرانکارییەکان لە دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا) بوو، خولی دووەم لە بارەی (بەرێوەبردنی مەترسییەکان و قەیرانەکان) بوو، دوو خولی زۆر باش و پێویست بوون، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کەمتر لەم بابەت شارەزابوون، لە هەردوو خولەکە بەرپرس و بەرێوەبەری بەشی زۆری ٢٢ وڵاتی عەرەبی و سەدان کۆمپانیا لە کەرتی تایبەت بەشدار بوون، کە زیاتر لە ١٠٠٠ بەشداربووی لەخۆ گرتبوو. بەرێوەبەری راگەیاندن لە دەستەی گشتی کەشتوگوزار لەم بارەیەوە دەڵێ: بەشداریکردن لەم دوو خولە ئەگەر هیچی نەکردبێت، ئەوەندەی کرد کە هەریکە لە بەشداربووان تا ئەندازەیەك لە ئاستی هۆشیاری گەشتیاری و شێوازی بیرکردنەوەیان تێبگەن و بتوانن هەڵسەنگاندن و بەراوردکارییەك لە نێوان ئاستی خۆمان و ئاستی بەرامبەر تێ بگەین.

سەبارەت بە هەردوو خول بابەتەکان زۆر گرنگ و پێویست بوون، بەڵام بۆ ژمارەیەك لە بەرێوەبەرانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بابەتی نوێ نەبوون، چونکە سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار لەو خول و بابەتانەی لە دەستە بەرێوەی دەبرد هەمان زانیاریان دەست کەوتبوون، سەرەڕای ئەوەش بە کردار لە ناو پلانی دەستە و بەرێوەبەرایەتییەکان سالانە مەترسییەکان وەك بەشێك لە پلان کاری لەسەر دەکرێ و جێبەجێ دەکرێن، بەهۆی گرنگی ئەم جۆرە بابەت و خولانە، پێویستە لەمڕۆ بەدواوە، خولی ئۆلاین بۆ بنکەکانی گەشتیاری و بۆ بەرێوەبەر و فەرمانبەرانی شارو شارۆچکەکان رێکبخرێت و بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆناش نەمێنێت، چونکە سوودی لە چەند لایەنێکەوە هەیە:

١- خەرجی هاتووچۆ و خواردن و خواردنەوە لە شارێك بۆ شارێك کەم دەکاتەوە.

٢- بەشداربووان شارەزایی باشتریان لە بواری ئەلیکترۆنی پەیدا دەبێت.

٣- بەشداربووان دەتوانن پەیوەندی دروست بکەن و هاوکاری یەکتری بکەن.

٤- لە کاتی گفتوگۆ و شێوازی وۆرك شۆپ سوود لە توانای هاوپیشەکان و ئەزموونیان وەردەگرێت.

٥- زۆرترین ژمارە دەتوانێت بەشدار بێت.

٦- خولەکان دەکرێ لەسەر ئاستی دەولی و وڵاتان بن، بەتایبەت بۆ ئەوانی زمان دەزانن، هەروەها دەکرێ لەسەر ئاستی شارەکانی هەرێم بن.

ئا: لاپەڕەی گەشتوگوزار



بۆ ژینگەپارێزی پێویستە یاساکان کارا بن

دەشتی مەنتك

سەرەڕای ئەوەی لە کوردستان هەوڵدراوە، کەم تا زۆر لایەنی پەیوەندیدار هۆشیاری ژینگەیی بڵاوبکاتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە لە تەواوی کوردستان ژینگەپارێزی بەکولتوور بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگە دۆستان و رێکخراوە ژینگەییەکان شان بەشانی دەستەی ژینگە و سەرجەم لایەنە ژینگەییەکان، لەهەوڵی بەردەوام دان و چەندین میکانیزم و رێگای جیاوزیان گرتۆتەبەر، بۆئەوەی هاووڵاتییان لە ژینگەپارێزی و پاك ڕاگرتنی ژینگە هۆشیار بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین خول و سمینار و بڵاوکراوە و هەڵواسینی پۆستەر لەشوێنە گشتییەکان و بەرنامەی ژینگەیی بە بینراو بیستراو، لە گۆڤار و رۆژنامەکان بەردەوام بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی یاسای ژمارە (٨) ی سالی (٢٠٠٨) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، هەروەها چەندین رێنمایی لەلایەن دەستەی ژینگە بۆ پاراستنی ژینگە دەرچووە، بەڵام سەرپێچییە ژینگەییەکان هەر دووبارە دەبنەوە، وەك: ڕاو کردن، برینەوەی دار، سوتانی دارستان و پاوان، فڕێدانی خۆڵ و خاشاك، بەفیڕۆدانی ئاو، پیس کردنی شوێنەکانی گەشتیاری ...هتد) ، وەك ئاشکرایە خەڵکی کوردستان زۆرینە موسڵمانن، دینی ئیسلامیش گرنگی بەپاك و خاوێنی ژینگە دۆستی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پابەند نابن. دەگوترێت پێویستە سالانە یاسای ژینگە هەموار بکرێتەوە، چونکە بەردەوام پێشهاتی نوێی ژینگەیی دێتە کایەوە، یاسایەکانیش کارابن نەوەك تەنها رینمایی دەربکرێت.





دیزاین و بیرۆکەیەکی جوان بۆ بەردەم کانی و رووبارەکانی کوردستان، بەڵام مەترسیدار بۆ ژیانی گەشتیار، بۆیە پێویستە سەلامەتی گیانی گەشتیاران لە دروستکردنی لەبەر چاو بگیرێت.

فۆتۆ: فەرهەنگ حوسێن – دەڤەری باڵەکایەتی

پیانیچ: خەونەکەم هاتە دی

یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی بۆسنی، میرالیم پیانیچ، یاریزانی پێشووی یانەی یۆفانتس و ئێستای بەرشلۆنە، دڵخۆشی خۆی بە بەدی هاتنی خەونەکەی دەربڕی، کە ئەویش یاریکردنە لە ریزەکانی بەرشلۆنەدا، دوای ئەوەی گرێبەستێکی چوار ساڵی لەگەڵ یانەکەی کەتەلۆنیا واژوو کرد. پیانیچ، لە میانی لێدوانی بۆماڵپەڕی یەکێتیی تۆپی پێی بۆسنەدا وتی: بەرشلۆنە، یەکێ لە یانە گەورەکانی جیهانە، یاریکردنیش لە ریزەکانیدا، بەرزترین ئاواتە، کە هەر یاریزانێکی تۆپی پێ خۆزگەی بۆ بخوازێت. وتیشی: سەبارەت بە خۆم خەونەکەم هاتە دی، من زۆر دڵخۆشم و شانازیی بە خۆمەوە دەکەم، نەوەکو تەنیا لەبەر خۆم، بەڵکو لەبەر باوکم و هەموو هاوواڵتیانی بۆسنە، هەرگیز ئەو شوێنە لەبیر ناکەم کە لێی لە دایك بووم. ئەو یاریزانە تەمەن ٣٠ ساڵانە وتیشی: سەرکەوتن تەنیا لە خۆیەوە نایەت، بەڵکو لەگەڵ هەوڵی زۆر و کارکردن و متمانە، بە بەدی هێنانی ئەوەی دەتەوێت بەدی دێت. هەروەها وتی: ویستێکی زۆرم بۆ چوونە کامپ نودا هەیە. ئەمەو یانەکانی بەرشلۆنە و یۆفانتس، هەڵسان بە ئاڵوگۆڕکردنی یاریزانان، ئارسەر میلۆ و میرالیم پیانیچ، بەرشلۆنە دەبێت ٦٠ ملیۆن یۆرۆ بداتە یۆڤی، زێدەباری ٥ ملیۆنی دیکە وەکو جیاوازی، مەرجی سزایی گرێبەستەکەشی بڕی ٤٠٠ ملیۆن یۆرۆیە.

رەمزی میرەکانی

دی لێخت بەهۆی پێکانەوە دوور دەکەوێتەوە

دڕێژی ماوەی دوورکەوتنەوەی دیلێختی بەرگریکاری هۆڵەندیی یانەی یوفانتۆسی ئیتاڵی لە یاریگەکان، هاوڕێکانی و بەرپرسانی ئەو یانەیەی تووشی شۆك کردووە.

ماوەیەکی زۆرە دیلێخت لە شانی راستی تووشی پێکان بووە و پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو، بەڵام لەپێناو یانەکەی بەرگەی ئازارەکانی دەگرت و نەشتەرگەرییەکەی هێشتەوە بۆ دوای تەواوبوونی وەرزی ئەمساڵ، چونکە هەردوو بەرگریکارەکەی دیکەی یانەکەش، دیمیرال و کیلینیش تووشی پێکانی دڕێژخایەن بووبوون.

ڕۆژنامەکانی ئیتالیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دوای ئەوەی نەشتەرگەری بۆ شانی دیلێخت کراوە، دەرکەوتووە کە ماوەی دوورکەوتنەوەی یاریزانەکە زۆر زیاتر دەبێت لەوەی پێشبینی بۆ دەکرا و دەڵێن «دیلێخت بەڵای کەمەوە تاوەکو مانگی یانزەی داهاتوو ناگەڕێتەوە». پزیشکان دەڵێن «ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە یاریزانەکە ناچار دەکەن بەڵای کەمەوە دوو تاوەکو سێ مانگ لە ماڵەو و دوور لە مەشقەکان بمێنێتەوە، بۆیە گەڕانەوەی دیلێخت زۆر دوادەکەوێت».

چاوەڕوان دەکرێت دوای ماوەیەکی کەم یانەی یوفانتۆس لەژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەری نوێیدا، ئاندریا پیرلۆ دەست بە مەشق و ئامادەکارییەکانی بۆ وەرزی نوێ بکاتەوە.



ویلیان چێڵسی بۆ ئەرسێنااڵ جێدەهێڵێت

ویلیان داسیلڤا، ناوەڕاستکاری بەرازیلی و یانەی چێڵسی ئینگلیزی بریاریداوە یانەکەی جێبهێڵێت و دەیەوێت پەیوەندی بە یانەی ئارسێناڵەوە بکات.

ڕۆمانیۆلی زانیاری دەستکەوتووە ناوەڕاستکارە بەرازیلیەکەی بلوز ئایەوێت لە یانەکەی بەردەوام بێت و بریاریداوە یانەکەی جێبهێڵێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ کارگێری یانەی ئارسێناڵ گەیشتووەتە ڕێکەوتن و بڕیارە لە ماوەیەکی نزیك بە فەرمی بە بێ بەرامبەر پەیوەندی بەو یانەیەوە بکات.

ویلیان لە ساڵی ٢٠١٣ پەیوەندی بە چێڵسی کرد و گرێبەستەکەشێ لەگەڵ ئەو یانەیە کۆتایی هاتووە و ئامادەنیە گرێبەستەکەی نوێ بکاتەوە.

پاڵەوانی چامپیۆنسلیگ 19 ملیۆن یورۆ وەردەگرێت

ڕاپۆرتە هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای ٢٠٢٠ بڕی ١٩ ملیۆن یورۆ وەردەگرێت کە دەکاتە ٢٢,٥ ملیۆن دۆلار، ئەو یانەیەی دەبێتە دووەمی ئەم پاڵەوانێتییە بڕ ١٥ ملیۆن یورۆی وەردەگرێت.

ئەو یانانەی دەگەنە پێش کۆتایی بڕی ١٢ ملیۆن یورۆ وەردەگرن، ئەوانەی دەگەمە چارەگی پێش کۆتاییش ١٠,٥ ملیۆن یورۆ وەردەگرن، بەڵام ئەو یانانەی دەگەنە قۆناغی ١٦ی ئەم پاڵەوانێتییە، هەریەکەو بڕی ٢,٧ ملیۆن یورۆ وەردەگرن، ئەمە جگەڵەوەی یانەکان لەداهاتی گواستنەوەی تەلەفزیۆنیشدا پشکسان دەبێت.



میێسی بۆ یارییەکەی بایرن ئامادەیە

دوای ئەوەی لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی ١٦ ی چامپیۆسلیگ بەرامبەر ناپۆلی تووشی بەریەککەوتن بوو، لیۆ میێسی پێکانەکەی سوکەو مەترسی دابڕانی لەسەر نیە.

لەو یاریەی بەرشلۆنە بە ٣ گۆڵ بەرامبەر ١ گۆڵ لە ناپۆلی بردەوە، یاریزانی ئەفسانەی یانەکە لیۆ میێسی کە هۆکاری سەرکەوتنی یانەکە بوو، لە هێرشێکدا بەر یاریزانێکی هێڵی بەرگری ناپۆلی کەوت و بەسووکی توشی ئازار لە پێی بوو. سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان دوای یاریەکە ئاماژەیان بەوەدا میێسی تووشی پێکان بووە و ئەگەری هەیە بۆ یاری ئاینده دوور بکەوێتەوە.

لە دواین هەواڵدا ڕۆژنامەکانی نزیك لە بەرشلۆنە باڵاویان کردەوە، لیۆ میێسی پێکانەکەی سوك بووە و بۆ یاری داهاتووی بەرامبەر باپرن میونشن ئامادەدەبێت و ئەو ترسەی لە دڵی هاندەرانی بلۆگرانا هەبوو بەو هەواڵە ڕەویەوە.

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper *Kurdistan - Iraq* *Organ of KDP*
Concessioner: **Ali Abdulla** Editor-in-chief: **Salam Abdulla**

پابەند دەبین
خەبات XEBAT
بەرەو 74 سەین سالیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
Tue.11 Aug. 2020 No.:(5985)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



هونەرمەند بەختیار ڕەمەزان:
بەداخەوە هیچ کەس هاوکاری هونەرمەندان ناکات ئەمەش بوەتە هۆی کەمی بەرهەمی هونەرمەندان

دیانە – مسلم دۆلەمەری

زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە خاوەنی دەنگێکی زەلالی ڕەسەنی کوردەوارین وبە حەزو ئارەزو تواناکانی هونەری خۆیان جیهانی هونەری کوردی بەرەو پێش دەبەن وهونەرو موزیکی کوردی بەجیهان دەدەنە ناسین، بەلام هەندێ جدا بوارەکانی ژیان وادەکات کە ئەم دەنگە زوڵاڵانە بەکەمی دەرکەون، هونەرمەند بەختیار ڕەمەزان یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەخاوەنی دەنگێکی زوڵاڵا و ژمارەیەک لە بەرهەمی هونەری دڵگیرودڵڕفێنە، لەوەڵامی چەند پرسیارێکدا بەم شێوەیە باسی لە ژیانی هونەری و دوواین بەر هەمی خۆیکرد بۆ خەبات .

سەرەتا خۆی دەناسێنێ وگوتی: من بەختیار ڕەمەزان لە دایک بوی سالی 1981م لە گوندی ئەلکیشکێ سەر بەپارێزگای دهۆک بۆیە نازناوم بەختیار ئەلکیشکیە .

سەبارەت بە سەرەتای کاری هونەری گوتی: وەکو زۆربەی هونەرمەندانی تر من هەرلەمنالّی لە مالّەوەو لە نێوهاوڕێکانم هەمیشە گۆرانیم دەگوتو حەزی هونەریم زۆربو بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە هەمیشە حەزم لە گوتنەوەی گۆرانیەکانی هەردوو هونەرمەندانی نەمر (ئەیاز زاخۆیی وئەردەوان زاخۆیی) دەکر، کە هەر ئەوانیشبوون بوونە هۆی ئەوەی من پەرە بە هونەرم بدەم و بگەمە ئەم ئاستە.

سەبارەت بەبەرهەمەکانی گوتی: منی تاکو ئێستا تەنها چوار بەرهەمم تۆمارکردووە کە دووانیان بەرهەمم بەناوی (گەرجاردی لتەبو بهار) بوو .

سەبارەت بە هاوکاری هونەرمەندان گوتی: بەداخەوە هیچ کەس هاوکاری هونەرمەندان ناکات، کە ئەمەش بوەتە هۆی کەمی بەرهەمەی هونەرمەندان، نمونە من خۆم خەرجی هونەری خۆم دەکەم ئەویش بەماندو بونی خۆم وئیشکردنی دووەمم واتە جگە لەکاری هونەری کاری تر دەکەم بۆ بژێوی ژیانم وخەرجی هونەرەکەم چونکە لەکوردستان هونەر سەرچاوەی ژیانی هونەرمەندان نیە .

سەبارەت بە هۆزان وئاوازی بەرهەمەکانی گوتی: هۆزانەکانی من هی هونەرمەندان خالد سلێمانەی وڤەگێر کورەمارکین وههەروەها ئاوازەکانم هی مامۆستا و(هونەرمەند عبدالقهار زاخۆی وئیدریس مەحمود) ن.

سەبارەت بەبەرهەمی دووێت گوتی: من تاکو ئێستا بەرهەمی دووێتم نە گوتوە لە گەڵ هەردوو ڕەگەزدا، بەڵام حەزدەکەم بەهەمێکی دووێت تۆمار بکەم ئەویش لەگەڵ هونەرمەندی بەڕێز خاتون چڕپی فەتاح چونکە هونەرمەندێکی خاوەن ئەزمون وپێشکەوتوە .

سەبارەت بەنوێترین بەرهەمی گوتی: من ئێستا کارلەسەر بەرهەمێکی نوێم دەکەم بەهەوادارانم دەڵێم چاوڕێبن بەم نەزیکانە نوێترین بەرهەمم بەناوی (نەدەمبوو تە بارکری) بلاو دەبێتەوە .

لەکۆتایدا گوتی: داواکارم لەلایەنی پەیوەندا کەهاوکاری مادی ئێمەی هونەرمەندان بکەن بۆئەوەی ئێمەش بتوانین بە هونەرەکەمان خزمەت بەخاک وولاتمان بکەین وزیاتر هونەرەکەمان پێشبخەین .



کورتترین هاوسەرگیری لە مێژوودا لە وڵاتی کویت ڕووێدا

جیابوونەوەی دووهاوسەر بەهەر هۆکارێک بێت هەمووکات هۆی دڵگرانییە و بە هۆکاری جیاواز و لە هەر تەمەن و بە هەر ماوەیەکی هاوسەرگیری ڕوودەدات. تەمەنی هەندێ هاوسەرگیری کورتە و بەداخەوە هەندێ هاوسەرگیری پاش ساڵانێک و بە بوونی منداڵ تووشی لێکترازان دێن.

لە مێژووی ژیانی هاوبەشدا کورتترینیان تایبەت کرا بە دوانەیەک لە وڵاتی کوێت کە تەمەنی ئەوهاوسەرگیرییە تەنیا سێ خولەک بوو.

ئەو گەنجانە بە مەبەستی مارەیی دەچنە دادگایەکی کوێت و پاش مارەبڕینەکە و دەرچوونیان لە دادگا بە هۆی کردارێکی هەڵەی زاوا دەستبەجێ بووکە خان دەگەڕێتەوە و داوای جیابوونەوە دەکات.

کاتێک پاش مارەکردنەکە بوک و زاوا بە مەبەستن بگەڕێنەوە هۆڵی ئاهەنگ و ئەو ڕۆژە بیێتە دەسپێکی ژیانیان، پێی بوکە خان لە لێواری دەگای دادگا گیردەبێت و کەمێکی دەمێنێت بکەوێت، زاوا وەک گاڵتە پێی دەڵێت کە دەست و پێ سپیلکەیە و ئەوەش بووکە خان ئازار دەدات و بڕیاردەدات لەوە زیاتر دریژە بەو هاوسەرگیرییە نەدات و هەر زوو دەگەڕێتەوە لای فەرمانبەری مارەبڕینەکە و داوای جیابوونەوە دەکات.

خواردنی ماسی نیشانەکانی نەخۆشی ڕەبۆ کەم دەکاتەوە



پزیشکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە خواردنی گۆشتی ماسی لە تەمەنی منداڵی بە شێوەیەکی بەرچاو نیشانەکانی نەخۆشی ڕەبۆ کەم دەکاتەوە . ئەو توێژینەوە نێودەوڵەتییە بە سەرپەرشتی پسپۆرانی ئۆسترالی ئەنجامدرا ، پیشانی دا کە خواردنی گۆشتی ماسی دەتوانێت گرنگییەکی زۆر هەبێ لە کەمکردنەوەی نیشانەکانی نەخۆشی ڕەبۆ لە منداڵاندا. توێژەران ڕایانگەیاند کە ڕژێمی خۆراکی دەوڵەمەند بە چەوری، شەکر و خۆی دەتوانێت کاریگەری لە سەر تووشبوون وگەشەکردنی نەخۆشی ڕەبۆ لە سەر منداڵان داببێت و ئێستا ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی داوە کە نیشانەکانی ڕەبۆ لەڕێگەی ڕژێمی خۆراکی تەندروستەوە چارەسەری ئەو نەخۆشییە دەکات.ئەو توێژینەوەیە کە لە سەر 64 منداڵی تووشبوو بە نەخۆشی ڕەبۆ بە شێوەیەکی کەم ئەنجامدرابوو داوا لە نیوەی ئەو منداڵانە کرا تا ڕژێمی خۆراکی دەریایی ناوین کە دەوڵەمەندە بە سەزەوات و ماسی بەکار بێن و نیوەی تریان ڕژێمی خۆراکی ئاسایی بەکار بێنن . ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی دا کە ئەو منداڵانەی کە ڕژێمی خۆراکی دەریایی ناوینیان بەکارهێناوە کەمتر تووشی هەوکردنی سییەکان بیوونەوە چونکە ماسیی دەوڵەمەندە بە تورشی ئۆمێگاۆ کە تایبەتمەندی دژە هەوکردنی هەیەبە ووتەی توێژەران، نەخۆشی ڕەبۆ بە بەربڵاوترین نەخۆشی کۆئەندامی هەناسە دا لە نێو کەسانی گەنج هەژمار دەکرێت و هەروەها هۆکاری سەرەکی خەواندنی منداڵانە لە نەخۆشخانە.

بۆ ئەوەی خۆشەویستانمان پارێزراو بن



ئا/ژیلا



دەمامکی زێڕ دیاری کۆرۆنا بۆ ئافرەتان

کۆرۆنا بووە هۆکاری پچڕانی زۆرێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی وخێزانییەکان و ئێستاکە خۆپاراستن بە تەنیا ڕێگەی چارەی دەزانن. یەکێک لە ڕێگەکانی خۆپارێزی بەستنی دەمامکە کاتێک دەچیتە شوێنێکی قەرەباڵغ.



هەرچەندە هەر کۆبوونەوەیەک لە خۆشی و ناخۆشی لە وڵاتان بەگشتی قەدەغە کراوە، بەڵام هەندێک بە جەماوەرێکی کەمیش بێت حەز دەکەن زەماوەندکەیان دوا نەخەن و بەهەر شێوەیەک ئەنجامی دەدەن.

لە باشوور تورکیا زێڕنگەرێک هەستاوە بە دروستکردنی ماسک لە زێر تا بووکە خان هەست بە ناشیرنی دەمامک لە ویێنەکانیدا نەکات. نرخی ئەو دەمامکەی حاجی مستەفا دروستی دەکات 14000 لیری تورکی (نزیکەی 2000 دۆلاری ئەمریکی) یە. بە وتەی مستەفای دیزاینەری ئەو دەمامکە کە خەڵکی (قارەمان مەرعەش) لە باشووری تورکیایە، مەبەستی لە دروستکردنی ئەو ماسکە کە بۆ بوک و زاواکانی دیزاین کردووە جوانکارییە کی دڵخۆشکەرە تا بەتایبەت جل و شێوەی ڕازاندنەوەی بووکە خان بە هۆی دەمامکەوە ناشیرین دەرنەچێت. لەو ماسکەدا 30 گرام زێر بەکارهاتووە و حاجی مستەفا هۆکاری گرانی نرخەکەی بەکارهێنانی ئەو ڕأدە زۆرەی زێر دەزانێت.